## ناونیشانی توێژینەوە/ خوێندنگا و کاریگەری لەسەر پاڵنەرێتی خوێندن لای خوێندکار

## توێژینەوەیەکی مەیدانی بەراوردکاریە لەنێوان خوێندنگا ئەهلیەکان لەشاری سلێمانی

توێژینەوەیەکە ئەنجامدراوە لەلایەن / د. ژیا عباس قادر

### پوختەی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە : ( تاچەند خوێندنگا ڕۆڵی هەیە لەدروستکردنی پاڵنەرێتی خوێندن لای خوێندکار؟) کەئەمەش لەڕێگای چەند ئامانجێکی لاوەکی جێبەجێ دەبێ وەك : (لایەنی مادی خوێندنگا ، مامۆستا ، شێوازی کەسێتی خوێندکار ) تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر پاڵنەرێتی خوێندن لای خوێندکار، جیاوازی چیە لە نێوان ئەو خوێندکارانەی پاڵنەری خوێندنیان بەرزە لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی ئەم پاڵنەرەیان نزمە؟

ئەم توێژینەوەیە دادەنرێت بە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری ، لە گرنگترین ئەو میتۆدانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدابەکاریهێناوە میتۆدی (بەراوردکاریە ، ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ) لە گرنگترین ئامرازە بەکارهاتووەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا پێوەر (المقیاس) بۆ پێوانە کردنی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکارانی شاری سلێمانی لە خوێندنگا ئەهلیەکان ، لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە کە (٦٢٣٤) خوێندکار کەلە خوێندنگا ئەهلیەکان دەخوێنن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) توێژەرنمونەیەکی (٢٠٠) یەکەیی وەرگرت پێکهاتوون لە (١٢٠) خوێندکاری ڕەگەزی نێر (٨٠) خوێندکاری ڕگەزی مێ لە چوار خوێندنگای ئەهلی لە شاری سلێمانی کەسەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانین لەهەردوو بەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا .

گریمانەکانی توێژینەوەکە بریتین لە : ((پەیوەندیەکی هاوشێوە هەیە لە نێوان (لایەنی مادی خوێندنگا، ژینگەی پۆل ، شێوازی مامەڵەکردنی مامۆستا لەگەڵ خوێندکار ، خودی خوێندکار خۆی ) و بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار / بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز.

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە : زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەگشتی و بەتایبەت لە خوێندنگای بەریتانی نێودەولەتی کە بە پلەی یەکەم دێت جەخت لەسەر کاریگەری لایەنی مادی خوێندنگا بەگشتی و ژینگەی پۆل بەتایبەتی دەکەن لەسەر بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار ، هەروەها باس لە کاریگەی مامۆستا دەکەن لەسەر بەرز کردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار ، لەلایەکی تر وەك دەردەکەوێت لەم توێژینەوەیەدا کە خودی خوێندکار خۆشی کاریگەری هەیە لەسەر ئەم پاڵنەرە لەلای .

## پێشەکی

ئەوەی جێگای سەرنجە زۆرێك لە باوكان و دایكان و مامۆستایان و ئەوانەی لەبواری پەروەردەو فێركردن كاردەكەن هەمیشە هەوڵ دەدەن وەلامێك بۆ ئەو پرسیارە بدۆزنەوە (بۆچی كۆمەڵێك خوێندكاری (هاوتەمەن ، هاو ڕەگەز كە ئاستی زیرەكیان تاڕادەیەك وەك یەكە لە هەمان پۆلدان كە هەمان مامۆستا و بەیەك شێوازی وانە وتنەوە بابەتێك پێشكەش بە خوێندكاران دەكات بەلاّم لەدەرئەنجامدا جیاوازیەكی زۆر بەدی دەكرێت لە نمرەی دەرچووندا؟ یان بۆچی خوێندكار هەیە ئاستی زیرەكی نزمە بەلاّم نمرەی دەرچوونی بەرزە لەكاتێكدا خوێندكار هەیە بە پێچەواوەیە ؟ یان بۆچی زۆرێك لەخوێندكاران ئارەزووی خوێندن و فێربونیان نیە ؟ بێگومان هەموو ئەمانەی باس كرا پەیوەندی بەبابەتێكی زۆر گرنگ و كاریگەر هەیە كەئەویش بریتیە لە حەز ی خوێندن لای خوێندكار كەناوی لێنراوە (پاڵنەری خوێندن) كە پاڵنەرێكی كۆمەلاّیەتی وەرگیراوە و دەگۆڕێت لەكەسێك بۆ كەسێكی تر و پەیوەندی بە ئاستی زیرەكی نیە ، كۆمەڵێك هۆكار كاریگەری هەیە لەسەر بەرزو نزمی ئەم پاڵنەرە لە مرۆڤدا لەگرنگترینیان (خێزان و ژینگەی خوێندنگا).

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانیكە بۆ خستنە ڕووی كاریگەری خوێندنگا لەسەر بەرزی یا نزمی ئەم پاڵنەرە لای خوێندكار لەڕێگای دوو بەشی تیۆری و پراكتیكی ،بەشی تیۆری لە كەلە چوار باس پێك دێت :باسی یەكەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكە ، باسی دووهەم دیاری كردنی چەمك و زاراوەكان ، باسی سێهەم توێژینەوە هاوشێوەكان،باسی چوارەم : تایبەتە بە بابەتی پاڵنەری خوێندن لای خوێندكار و ئەو هۆكارانەی كاری تێدەكات. بەشی پراكتیكی لە چوار باس پێك دێت باسی یەكەم چوارچێوەی پراكتیكی توێژینەوەكە و ڕێبازی توێژینەوەكە لەخۆدەگرێت ، باسی دووهەم خستنە ڕووی زانیاریە ئاماریەكانە لە چەند خشتەیەكدا.

باسی سێهەم گفتوگۆكردنی گریمانەكانە ، باسی چوارەم: ئەنجام ودەرئەنجامی توێژینەوەكەیە ، لە كۆتایدا توێژەر چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەكی بۆ كەس و لایەنە پەیوەندی دارەكان خستۆتە ڕوو.

## بەشی یەکەم / لایەنی تیۆری

### باسی یەکەم / چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

یەکەم / کێشەی توێژینەوە:

خوێندنگا هەمیشه جێگای بایەخ و گرنگی پێدانی هەموو کۆمەڵگایەك بووە ، چونکە تەنها کاری بچوك نەبۆتەوە لە پێدانی زانست و زانیاری بە خوێندکار بەڵکو یەکێکە لە دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە هاوشانی خێزان بەشداری دەکات لە پەروەردەکردنی منداڵاندا ، ئەمە جگە لەوەی کەبەشێکی زۆری تەمەنی مرۆڤیش دەبات ،بەڵام ئەوەی جێگای داخە کە خوێندنگا هەموو کات نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵەی خۆی بەباشی ببینێت بە تایبەت لە بواری بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن ، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارێکی گرنگ و سەرەکی ئەویش ئایا خوێندنگا بەگشتی و ژینگەی پۆل بەتایبەتی لەهەموو ڕوویەکی مادی و مرۆیی و واتایی توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بەباشی و بەپێی پێویست ببینێت لە بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار لەکۆمەڵگای کوردیدا ؟ ئەو کێشانە چین کە خوێندکار لە خوێندنگا توشی دەبێت و دواجار بەڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار دەبێت ؟

دووهەم/ گرنگی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی دوو گرنگی دیار و ئاشکرای هەیە:

* گرنگی تیۆری:

١ . گرنگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە خۆی لە خودی ناونیشانەکەدا دەبینێتەوە کە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ گرنگی دان بە بابەتی پاڵنەرێتی خوێندن لای خوێندکاران لە کۆمەڵگای کوردی دا.

٢ . گرنگیەکی دیکەی تیۆری خۆی لە گەیاندنی پەیامە تیۆریەکانی بابەتەکەدا دەبینێتەوە لەڕێگای خستنە ڕووی کۆمەڵێك زانیاری وورد و کۆمەڵێك سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەو ئەو نوسراوانەی کەلەسەر بابەتەکە نوسراون و دەبنە پاڵپشتێکی بەهێزی توێژینەوەکە.

* گرنگی پراکتیکی:

١ . گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە خستنە ڕووی کۆمەڵێك داتای وورد و زانستی لەسەر واقعی خوێندنگا ئەهلیەکان لە شاری سلێمانی وکاریگەریان لەسەر بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار.

٢ . ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی سەرەتایی یە لە بواری کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگایی کە چاوەڕوان دەکرێت دەرئەنجامی توێژینەوەکە ببێتە سەرەتایەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا.

سێهەم / ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی: ( تاچەند خوێندنگا ڕۆڵی هەیە لەدروستکردنی پاڵنەرێتی خوێندن لای خوێندکار؟)

ئامانجە لاوەکیەکان :

١.لایەنی مادی خوێندنگا تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر لەدروستکردنی پاڵنەرێتی خوێندن لای خوێندکار؟

٢.مامۆستا تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر لەدروستکردنی پاڵنەرێتی خوێندن لای خوێندکار؟
٣.ئایا پاڵنەرێتی خوێندن پەیوەندی هەیە بە شێوازی کەسێتی خوێندکارەوە؟
٤.جیاوازی چیە لە نێوان ئەو خوێندکارانەی پاڵنەرێتی خوێندنیان بەرزە لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی ئەم پاڵنەرەیان نزمە؟

**باسی دووهەم / دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:**

**یەکەم/ پاڵنەر : (Motive)**

لە بنچینەدا لە وشەیەکی لاتینی وەرگیراوە بەمانای (تحريك يتحرك جوڵاندن یان دەجوڵێت) دێت،
(دونالد لندزلی (١٩٥٧) ) پێناسەی (پاڵنەر) دەکات بەوەی بریتیە لە : کۆمەڵێك ووزە و توانای ناوەکی دەبێتە هۆی جوڵاندنی ڕەفتاری تاك و ئاڕاستەی دەکات بەرەو هێنانەدی ئامانجێك لە ئامانجەکان.
بەڵام (بول توماس یونك (١٩٦١) ) دەڵێت : پرۆسەیەکە لە چەند هەنگاوێکی یەك بەدوای یەك پێك دێت کە بریتیە لە (ورووژاندنی ڕەفتار ڕێکخستن پاداشت کردنی). (١١٠/٨)
(اتکنسون ) بۆچونێکی جیاوازی هەیە بەو پێیەی (اتکنسون) پێی وایە کە پاڵنەر (جۆرێکە لە ئامادەباشی لای تاك بۆ کردنی ئەو ڕەفتارەی کە دەیگەیەنێتە ئەو ئامانجەی کە مەبەستیەتی) کەواتە (لندزلی ، یونك ، مۆرای و اتکنسون) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەو ڕەفتارەی تاك دەیکات پاڵنەرێکی هەیە کە بۆتە هۆی ورووژاندنی تاك بۆ کردنی ئەو ڕەفتارە و چالاکی ئەم ڕەفتارە بەردەوام دەبێت هەتا هێنانەدی ئامانجێك.(٩٥/٧)
لێرەوە دەتوانین پێناسەیەکی تیۆری بۆ پاڵنەر بکەین بەو پێیەی کە :
حاڵەتێکی ورووژاندنی ناوەکی یان دەرەکیە بزوێنەری ڕەفتاری تاك و ئاڕاستەکاریەتی بەرەو هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو.

**دووەم/ پاڵنەری خوێندن:**

حاڵەتێکی ناوەکی خوێندکارە کە دەبێتە هۆی ئاگاداربوونی لە بارودۆخی خوێندن و قبوڵ کردنی بەشێوەیەکی
ئەرێنی ، پاشان ئەنجامدانی کاروچالاکیە پێویستەکان و بەردەوام بوون لەسەر ئەم ڕەوتە هەتاهێنانەدی ئامانجی خوێندن و فێرکردن. (١٥٧ ١٢)
کەواتە مەبەستی ئەم پێناسەیە ئەوەیە کە پاڵنەری خوێندن ئەو ورووژاندنە ناوەکیەیە کە پاڵ بە خوێندکار دەنێت
چالاك بێت لە پرۆسەی خوێندن و فێربون کە دواجار ئەمە ئامانجی پرۆسەی خوێندنە.
لە پێناسەیەکی تردا هاتوە کە (پاڵنەری خوێندن) : بریتیە لە وزەیەکی ناوەکی کە بزوێنەری ڕەفتاری خوێندکارە و ئاڕاستەکاریەتی بەرەو هێنانەدی ئامانجێك لەبواری پەروەردە و فێرکردندا.(٣١٧ ٥ )
ئەم پێناسەیە پێی وایە کە پاڵنەری خوێندن وزەیەکی ناوەکیە لە خوێندکاردا دروست دەبێت و پاڵی پێوەدەنێت
بۆ سەرکەوتن لە خوێندندا.
لەلایەکی تر (پاڵنەری خوێندن ) پێناسە کراوە بەوەی کە : بریتیە لە هەموو ئەو هەوڵ و توانایانەی کە خوێندکار دەیخاتە گەڕ لە پێناو بەدەستهێنانی ئاستێکی دیاری کراو لە سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانجی خوێندن . (١٤٥/١٤)
کەواتە دەتوانین پێناسەیەکی تیۆری بۆ (پاڵنەری خوێندن) بکەین کە: ورووژاندنێکی ناوەکیە لای خوێندکار کە

جۆرێك لە حەز و ئارەزوی بۆ خوێندن لەلا دروست دەكات و بەمەش ئامادەیی دەبێت بۆ جێبەجێكردنی هەموو ئەرك و یاسا و ڕێساكان لە پێناو سەركەوتن لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون.

باسی سێهەم / توێژینەوەكانی پێشوو:

یەكەم / توێژینەوە عێراقیەكان:

١. د. شیماء علي خمیس، التفكیر الآبداعي و علاقته بدافعیة التعلم لدی طالبات بعض كلیات جامعة بابل /٢٠١٤.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بۆ خستنە ڕووی ڕادەی هەبوونی لێهاتووی داهێنان و بیركردنەوە لای خوێندكارانی زانكۆ ، توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی شیكاری بەستووە لە توێژینەوەكەیدا ، (٢٠٦) خوێندكاری بەشێوەی هەڕەمەكی / و (قرعە) وەك نمونەی توێژینەوە وەرگرتووە لە چەند كۆلێژێكی زانستی و مرۆیی لە زانكۆی بابل ،هەروەها لەكۆكردنەوەی زانیاریەكان پشتی بە پێوانەكاری (مقیاس) بەستووە .

لەكۆتایدا گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانە: خوێندكارانی كۆلێژەكانی (پزیشكی ددان و دەرمانسازی) خاوەنی ئاستێكی باڵای بیركردنەوەی داهێنەرانەن ، لە كاتێكدا خوێندكارانی كۆلێژەكانی (یاسا و توێژینەوە قورئانیەكان) خاوەنی ئاستێكی مام ناوەندی بیركردنەوەی داهێنەرانەن ، كەواتە جیاوازی هەیە لە بیركردنەوەی داهێنەرانە و پاڵنەری خوێندن لەنێوان بەشە زانستی و مرۆییەكان .

دووهەم / توێژینەوە عەرەبیەكان:

٢.لوناس حده ، علاقه التحصیل الدراسی بدافعیه التعلم لدی المراهق المتدرس، (٢٠١٢ ـ ٢٠١٣).

ئەم توێژینەوەیە باس لە كاریگەری هەریەك لە خێزان و خوێندنگا دەكات لە وروژاندنی پاڵنەری خوێندن لای خوێندكار كە هۆكاری سەرەكیە بۆ سەركەوتنیان لە خوێندن ، لەگرنگترین ئەو ئامانجانەی توێژەر هەوڵی هێنانەدی دەدات لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیە : ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان دەرچونی خوێندكار و پاڵنەری خوێندن ئەم ئامانجە گشتیەش دابەشكراوە بۆ چەند ئامانجێكی لاوەكی لەوانە : جیاوازی هەیە لەنێوان پاڵنەری خوێندن لای ئەو خوێندكارانەی دەردەچن و نمرەی بەرز بەدەست دێنن لەگەڵ ئەوانەی نمرەی كەم بەدەست دێنن ، ئایا ئەم جیاوازیە دەگۆڕێت بە گوێرەی ڕەگەزی نێر و مێ . ئەم توێژینەوەیە پشت بەمیتۆدی شیكاری دەبەستێت، لەكۆی ( ٣٠٧) خوێندكار تەنها (١٢٤ ) خوێندكاری بە شێوەیەكی هەڕەمەكی سادە وەرگرتووە وەك نمونەی توێژینەوە كە (٦٤) مێ و (٦٠) نێرە وە تەمەنیان دەكەوێتە نێوان (١٣ـ١٨) ساڵ

، پشتی بە پێوەر (مقیاس) بەستوە بۆ پێوانە كردنی پاڵنەری خوێندن لای خوێندكاران ، لەگرنگترین ئامرازە بەكارهاتووەكان ( هاوكێشەی بیرسون ، تاقیكردنەوەی ( ت ) ، ناوەندی ژمێرەیی ، تاقیكردنەوەی ( F ) ، لادانی ژمێرەیی ) ،لەگرنگترین دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكە : ئەم توێژینەوە ڕاستی گریمانە سەرەكیەكەی سەلماندووە و دەركەوتوە كە ئەو خوێندكارانەی نمرەی دەرچونیان بەرزە پاڵنەری خوێندنیان بەرزە و كەسانێكی هێمن و لەسەرخۆن و توانای ڕوبەڕوبونەوەی هەموو ئەو ڕێگریانەیان هەیە كەدێتە ڕێی سەركەوتنیان ، ئارەزویەكی زۆریان هەیە بۆ خوێندن و پابەندن بە كاتی خوێندن و یاسا و ڕێساكان ، دەركەوتووە كە جیاوازی نیە لە نێوان نێر و مێ لە بابەتی پاڵنەری خوێندن ، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە نمرەی دەرچون لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێ.

* گفتو گۆکردن توێژینەوەکان:

دوای چاوخشاندنەوە بەو توێژینەوانەی کە پێشتر لەلایەن توێژەرەکان ئەنجام دراوە لە بواری پاڵنەری خوێندن دەرکەوتووە کە لە چەند خاڵێکدا ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشووە و لە چەند خاڵێکدا جیاوازن. بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشوو گرنگی بە بابەتی پاڵنەری خوێندن دەدات لای خوێندکار هەوڵدەدات ، ئەگەر چی خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تەنها باس لەکاریگەری ژینگەی خوێندن دەکات لەسەر پاڵنەری خوێندن لە کاتێکدا بۆ نمونە : توێژینەوەکەی (شیماء علي خميس) باس لە کاریگەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەکات لەسەر ئەم پاڵنەرە ، وە توێژینەوەکەی (لوناس حده) باس لەکاریگەری خێزان و خوێندنگا دەکات لەسەر پاڵنەری خوێندن . خاڵی جیاوازی نێوان ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەکانی پێشوو خۆی دەبینێتەوە لە ئامانج و بواری شوێنی بەو پێیە ئەم توێژینەوەیە لەشاری سلێمانی / لەکوردوستان ئەنجام دراوە لەکاتێکدا هەریەك لە توێژینەوەکانی پێشوو هەریەك لە شار و وڵاتێکی دیکە ئەنجام دراوە ، جگە لەوەی کەلە نمونەی توێژینەوە کەشدا جیاوازن بەڵام جیاوازی سەرەکی لەوەدایە کە ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە لەنێوان خوێندنگا ئەهلیەکان.

## باسی چوارەم / پاڵنەری خوێندن

### کاریگەریەکان لەسەر پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار:

### یەکەم / ئەو هۆکارانەی پەیوەندی هەیە بە ژینگەی خوێندنگا:

بەشێوەیەکی گشتی ژینگەی خوێندنگا لە سێ لایەن پێك دێت ئەوانیش: لایەنی(مادی ، واتایی، مرۆیی). کاتێك ماسلۆ بۆ یەکەم جار لەساڵی (١٩٤٣) دراسەی پاڵنەری کرد ، پاڵنەرەکانی مرۆڤی دابەش کرد بەسەر هەرەمێکدا کەناوی لێنابوو (هەرەمی پێداویستیەکان) ، کە لە (٧) پلە پێك هاتبوو ئەو پێداویستیانەش بریتین لە :

أ-پێداویستیە فسیۆلۆجیەکان : ماسلۆ ئەم پێداویستیانەی دیاری کردووە بە (هەناسەدان و تینوێتی و برسێتی وحەوانەوەو چالاکی و ڕزگار بوون لە پاشەڕۆ و پارێزگاری لە ئاستی گەرماو سەرما، جوڵە و حەوانەوە ) ، ماسلۆ پێی وایە ئەگەر مرۆڤ ئەم پێداویستیانەی پڕنەکاتەوە ناتوانێت بەردەوامی بدات بەژیانی و دواجار ناتوانێت پێداویستی پلەکانی دیکە پڕبکاتەوە ، بۆیە پێویستە لەسەر خوێندنگا کە ئەم خاڵە بەهەند وەربگرێت واتە ئەگەر بیەوێت پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار بەرزبکاتەوە و حەزوئارەزویان بۆ خوێندن زامن بکات ئەبێت ئاگاداری چەند خاڵێك بێت لەوانە: دەبێت ووریا بێت لە شێوازی دابەشکردنی خوێندکار بەسەر پۆلدا ، بۆ دڵنیا بێت لەوەی خوێندکار برسی و تینوو نیە دەبێت ڕەچاوی سیستەمی پێدانی خواردن بە خوێندکار بکات و ئاگاداری جۆر و چەندێتی خواردنەکەش بێت ، هەروەها پێویستە خوێندنگا ئاگاداری گەرما و سەرمای پۆلەکە بێت و دڵنیا بێت لەوەی کە خوێندکار کێشەی نیە لەم ڕووەوە ، خوێندکار بەدوور بێت لەهەموو ئازارێکی جەستەی و دەرونی لێرەدا خوێندنگا دەتوانێت لەڕێگای کەسی پسپۆڕ لەم بوارە هۆشیاری بداتە خوێندکار لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستن لە نەخۆشی و پارێزگاری کردن لە پاکوخاوێنی و گرنگی دان بە خەو و حەوانەوە و خواردن و وەرزش کردن ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تر بوونی ژووری تەندروستی لە خوێندنگادا کە فریاکەوتنی سەرەتای بدات بەخوێندکار ، جگەلەوەی کەپێویستە شێوازی

پۆل دیموکراسی بێت واتە خوێندکار جۆرێلە لە ئازادی جوڵە کردنی هەبێت تاوەکو توشی بێزاری نەبێت کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لە سەر ئارەزوی بۆ خوێندن.(١١/١٨٨)

ب- پێداویستی هەست کردن بە ئاسایش : ماسلۆ ئەم پێداویستیانەی دیاری کردووە بە (سەلامەتی ژیانی و دورکەوتنەوە لە ترس و لەئازار ولە شلەژان وەئەو کەسە بژی بێ خەم و ژیانی رێکخراو بێت بە جۆرێك کە بتوانێت پێشبینی بە داهاتووی بکات بەبێ هیچ ترس و دودڵیەك ژیانی بگوزەرێنێت) . (٩/٣٦٤)

ئەم پێداویستیە تەمەنێکی دیاری کراوی بۆ نیە بەڵکو بە درێژایی ژیان و قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن و ئەو بوار و کۆمەڵ جیایانەی کەتاك رووی تێدەکات بەردەوام دەبێت ،بەڵام لەهەموو کاتێك پشکی گەورە بەر خێزان دەکەوێت چونکە خێزان ئەو ناوەندەیە کە تاك ئامادەدەکات بۆ ناو کۆمەڵگا بۆیە ئەگەر خوێندکار لەماڵەوە هەستی بە ئارامی و ئاسایشی دەروونی نەکرد بەهۆی بوونی توند و تیژی لە خێزان وە هەڵە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.....هتد ئەمانە هەمووی کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئەو تاکە لەرووی قبوڵکردنی بۆ خودی خۆی و کەسانی چوار دەور و شێوازی مامەڵەکردن لە گەڵیان ، بەم جۆرە و کاتێك خوێندکارێکی لەم شێوەیە دێتە خوێندنگا کە خۆی کۆمەڵێکی زۆر هەست و تێروانینی نەرێنی هەڵگرتووە ئەگەر هەمان مامەڵەی لە خوێندنگا بەدی کرد ئەوا سەرئەنجام کەسێتیەکی نادروستی لێ پێك دێت کە پڕاو پڕدەبێت لە شڵەژانی دەروونی و توشی چەندین لادان و تاوان دەبێت . (١١/١٩٠)

لەلایەکی تر ماسلۆ باس لە ترس دەکات کە ئارامی دەروونی مرۆڤ تێکدەدات بەتایبەت ترس لە نادیار کە لە تەمەنی زۆر منداڵی دەست پێدەکات ، بەڵام ترسی گەورە لە هاتنی خوێندکارە بۆ خوێندنگا کە دێتە جیهانێکی تازەی نەناسراو لەرووی شوێن کە پڕیەتی لە کەسی جیاواز لە روی تەمەن و رەگەز پاشان خۆی دەبینێت لە بەرامبەر جۆرێك لە بەرپرسیارێتی و پابەندبوون بەیاساو رێسا و مەرج و رێگری کە ئەمانەش هەمووی پێویستی بە کاتە تاوەکو ئاشنا بێت پێی. (١٤/١٥١) کەواتە لێرەوە گرنگی رۆڵی خوێندنگا دەردەکەوێت کە چۆن بتوانێت لەلایەك شوێنی خێزان بگرێتەوە لە دروست کردنی ئارامی دەرونی لای خوێندکار ، لەلایەکی تر بتوانێت ترسی خوێندکار نەهێڵێت بە بێ کێشە ئاشنای بکات بەم ژینگە تازەیە .(٩/٣٦٥) .

ت- پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان : ماسلۆ دیاری کردووە بە (هەستکردن بە خۆشەویستی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر و هەست کردن بە ئینتما بۆ دەستە و گروپەکان) هەر لەزوەوە وتراوە کە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە واتە کەسێکە حەز بە ژیان دەکات لەناو گروپ وکۆمەڵەکاندا و ناتوانێت بەتەنها بژی،لەهەمان کاتدا پێویستی بەوە هەیە کە ئینتیمای هەبێت بۆ( ئاینێك ، نەتەوەیەك ، نیشتمانێك ، خێزانێك ، گروپێکی هاورێ ، شوێنی کار ....هتد ) ، مرۆڤ چەند گەورەش بێت هەر پێویستی بە خۆشەویستی کەسانی چواردەور هەیە و دواجار ئەو خۆشەویستیەش کە وەری دەگرێت هەر ئەوەیە کە دەیداتەوە ، لێرەوە پێویستە لەسەر خوێندنگا کە بە مامەڵە و چالاکیەکان وە .....هتد کەشێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ خوێندکار دروست بکات بە جۆرێك کە وەك ماڵی خۆی سەیری بکات و مامۆستا و هاورێکانی وەك خێزانی خۆی دابنێت بەمەش پاڵنەری خوێندنی بەرز دەبێتەوە .(١٤/١٥٢)

(ماکیش لەساڵی ١٩٦١) توێژینەوەیەکی کرد لەسەر پەیوەندی نێوان پاڵنەری خوێندن و ئینتیمای خوێندکار بۆ ژینگەی خوێندن و بۆی دەرکەوت ئەو خوێندکارانەی هەست بە ئینتیما دەکەن بۆ خوێندنگاکەیان و خوێندنگاکەیان خۆش دەوێت نمرەی بەرز بەدەست دێنن وە بە پێچەوانەوە ، (ماکیش) پێی وایە تەنانەت شێوازی مامەڵەکردنی مامۆستاش رۆڵی باڵا دەگێرێت لەم روەوە بەوپێیەی هەتا مامۆستا وەك هاورێ بێت و رێزو خۆشەویستی و متمانە بداتە خوێندکارەکانی و کەشێکی ئارام و دیموکراسی دروست

بكات خوێندكار زیاتر هەست بە ئینتیما دەكات بۆ خوێندنگا و پۆلەكەی و وزیاتر خۆی ماندوو دەكات و دواجار پاڵنەری بۆ خوێندن بەرز دەبێتەوە .(٣٣١/٥)

پ- پێداویستی ڕێزگرتن لە خود و کەسانی تر : ماسلۆ پێی وایە کاتێك مرۆڤ پێداویستی پلەکانی پێشووی جێبەجێکرد پێویستی بەبەدەست هێنانی ڕێز و متمانەی کەسانی چواردەور هەیە ، لێرەشدا خوێندنگا دەتوانێت ڕۆڵی باڵای هەبێت بۆ نمونە کاتێك گرنگی دەدرێت بە شێوازی هونەری و ئەندازیاری و پاکوخاوێنی و سەلامەتی خوێندنگا و بەشێوازێکی جوان دەرازێنرێتەوە ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕێزگرتنە لە خوێندکار کاتێك هەر خوێندکارێك رحلەی دانیشتنی خۆی و لۆکەری خۆی دەبێت دیسان ڕێزگرتنە لە خوێندکار شێوازی مامەڵەی بەڕێوەبەر و دەستەی کارگێڕی کەسانی تری ناو خوێندنگا پڕ لە خۆشەویستی و ڕێزبوو ئەمەش ڕێزگرتنە لە خوێندکار ، کاتێك مامۆستا پرس و ڕا بە خوێندکار دەکات لە هەڵبژاردنی شێوازی وانەوتنەوە و چالاکیەکان وە بواری دەدات بۆ گفتو گۆکردن و وەلامی پرسیاری دەداتەوە و وتەی پێنابڕێت و گاڵتەجاڕی پێناکات و سزای جەستەی نادات و جۆرێك لە ئازادی جوڵکردنی پیٚ دەدات زوڵمی لێناکات و ماف خۆی لە نمرەی تاقیکردنەوە دەداتیٚ ، هەوڵدەدات توانا شاراوەکانی دەربخات و برەوی پێدەدات ئەمانەش نمونەن بۆ ڕێزگرتن لە خوێندکار .(١٩١/١١)

ج- پێداویستیە مەعریفیەكان : پێداویستیە جوانکاریەکان : ماسلۆ لەسەرەتادا ئاماژەی بۆ ئەم دوو پێداویستیە نەکردبوو لە هەرەمەکەیدا بەلاَم لە دوایدا بۆی زیادکرد ، پێداویستیە مەعریفیەکان واتە هەوڵدانی بەردەوامی مرۆڤ بۆ پشکنین و خستنە ڕوو و دۆزینەوەی هەموو ئەو شتانەی لە چواردەوریەتی بەلاَم ئەمە بەتەنها بەس نیە بەڵکو تێگەیشتن لێی ئامانجی سەرەکیە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە پاڵنەر و ڕەفتاری (حب استگلاع و اكتشاف) بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری ، ئەوەی شایانی باسە کە ئەم پاڵنەرە لای هەموو کەس ڕوون و ئاشکرا نیە بۆیە کاری خوێندنگا و مامۆستایە کە ئەم پاڵنەرە لە تاکدا بورووژێنێت و هانی بدات و ئە وەش بە شێوازی پرسیار کردن و ئەنجامدانی توێژینەوە و سەردانی مەیدانی و تاقیگە و .....هتد.(٢١٤/١٠)

پێداویستیە جوانکاریەکانیش بریتین لە : خۆشەویستی مرۆڤ بۆ ڕێکخستن و (ترتیب - اتساق - کمال - تجنب فوضی ) جوانی ئیتر لەهەر بوارێك و کات و شوێنێکدا بێت ، بەلاَم ماسلۆ پێی وایە کە ئەم پاڵنەرە تەنها لەلای کەسانی دروست بوونی هەیە . (١٤٨/١٢)

ح- پێداویستی بەدیهێنانی خود : کۆتا پلەیە لە هەرەمی ماسلۆ ، ماسلۆ پێی وایە کە ئەم پێویستیە کاتێك جێبەجێدەکرێت کە پێویستی پلەکانی پێشوو پڕکرابێتەوە وە دەڵێت " مەرج نیە هەموو کەس بگاتە ئەم پلەیە " چونکە ئەم پلەیە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە تا کۆتا ئاست دروستی دەرونیان هەیە پێگەیشتون لەڕوی عەقڵی ، کەسەکە بەباشی خودی خۆی و هەموو خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کەسێتی دەناسێت باش و خراپی خۆی دەزانێت و تواناکانی و حەزو ئارەزوەکانی دەناسێت واتەبەگشتی مندالْ و هەرزەکار ناتوانن بگەنە ئەم پلەیە چونکە هێشتا بەتەواوی خودی خۆیان ناناسن و پێناسی دیاری کراویان نیە و کاری پیشەییان نەکردووە بەلاَم ماسلۆ پێی وایە کەدەکرێت خوێندنگا کاتی گەیشتن بەم پلەیە بۆ خوێندکار نزیك بکاتەوە ، لێرەدا ئەو تاکە دەبێت بتوانێت بەو جۆرە بێت کە خۆی دەیەوێت و ئارەزوەکانی بهێنێتە دی بەباشترین شێوە کە بەکۆمەڵێك چالاکی پیشەیی و ناپیشەیی دەکرێت .(٣٧٣/١)

دووەم/ ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان هەیە بە مامۆستاوە:

سەردەمانێکی زۆر بیروبۆچونەکان وابوو کەهەر کات مامۆستا بیەوێت پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار بەرز بکاتەوەو ئەوا پێویستە هەر شتێك بیری خوێندکار پەرت و بلاو دەکات لە پۆلدا لابرێت ئەمەش وای کردبوو کەشێوازی پۆل زۆر سارد وسڕ و بێزار کەر بوو تەنها لە پێناو ئەوەی کە خوێندکار گوێ لە مامۆستا بگرێت و بێگومان ئەم شێوازە شکستی هێناو ئامانجی نەپێکا.(١٦٨/٣)

پاشان شێوازێکی تر هاتە کایەوە ئەویش بریتی بوو لە ووتنەوەی وانە بەشێوەی یاری کردن چونکە توێژینەوەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کەمانەوەی خوێندکار بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ جووڵە توشی بێزاری دەکات و ئارەزووی لە خوێندن نامێنێت بۆیە سەردەمانێکی زۆر ئەم ڕێگایە جێبەجێکرا کەتیایدا خوێندکاران دابەش دەکران بەسەر گروپ و بە هاوکاری وانەکانیان ئامادەدەکرد و پێشبڕکێ دەکرا هەتا (مایرز لەساڵی ١٩٦٥) هات ولەئەنجامی توێژینەوەکردن لەسەر ئەم ڕێگایە ئاشکرای کرد کە ڕاستە ڕێگایەکی بەسوودە وە پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار بەرز دەکاتەوە بەڵام زۆر خاوە و کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەچێت .(١٦١/٢)

بۆیە شێوازی سێهەم داهات ئەویش بریتی بوو لەوەی کە مامۆستا ڕێگاو شێوازی جیاواز و تازە بەکاربهێنێت لە کاتی وانە وتنەوەدا بەمەرجێك ئەو ڕێگایە بگونجێت لەگەڵ بابەتەکە و ئامانجەکەی بهێنێتەدی ، بۆ نمونە : (نمایش کردن ، گۆرانی بەتایبەت لە وانەی زمان ، یان بەکارهێنانی تاقیگە و تاقی کردنەوە ) بەڵام دیسانەوە ئەم ڕێگایە سەرکەوتوو نەبوو چونکە پێویستی بە داهات و توانای مادی هەیە بۆ دابین کردنی کەلوپەلی پێویست بۆیە هەموو خوێندنگایەك ناتوانێت ئەمە بۆ خوێندکارانی دەستەبەر بکات و پێویستی بەکات هەیە کە دەبێتە کێشە بۆ مامۆستا کە پابەندە بەتەواوکردنی بابەت لەماوەیەکی دیاری کراودا.(١٦٩/٣)

پاشان (الشولر لە ١٩٦٨) هات شێوازێکی تری داهێنا بۆ بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار بەتایبەت ئەو خوێندکارانەی کە ڕێگا تەقلیدیەکان لەگەڵیان سوودی نیە ،سەرەتا ئەم ڕێگایەی لەگەڵ خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی و لەوانەی بیرکاری بەکارهێنا ڕێگاکەش بریتی بوو لە بەستنی بەڵێننامەیەکی دەستنووس لەنێوان مامۆستا و خوێندکار کەتیایدا هاتبوو کاتێك خوێندکار وەڵامی پرسیارێکی بیرکاری بداتەوە بەڕاستی و نمونەکە حەل بکات ئەوا مامۆستا بڕی (٢٠٠٠) (عملە رمزیە پارەیەکی ڕەمزی واتە دروست کراو ) دەدات بە خوێندکار وە ئەم بڕە پارە ڕەمزیەش دەتوانرێت زیادبکرێت لەلایەن خوێندکار بەوەڵامدانەوەی ڕاستی زۆرتر واتە هەتا وەڵامی ڕاست بداتەوە ئەم پارەیە زیاددەبێت وەهەرکات گەیشتە ڕێژەی (١١٠٪) ئەوا خوێندکار بەتەواوی دەوڵەمەند بووە بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەڵێننامەکەدا هاتبوو هەر هەڵەیەك بڕێك پارە دەبات واتە لە داهاتەکەی کەم دەکات هەتا دەگاتە ئاستی دەست بەتاڵبوونی تەواو وە بۆ ئەم مەبەستەش خوێندکار لای خۆی خشتەیەکی دروست دەکرد تا نمرە کانی خۆی هەموو تیابنوسێت هەتا کاتی تەواو کردنی پەرتوکی بیرکاری و لە کۆتایدا مامۆستا خەڵاتەکەی دەکردن ، ئەم ڕێگایە زۆر سەرکەوتوو بوو دەرئەنجام دەرکەوت کە ئەو خوێندکارانە لەماوەی ساڵێك هێندەی سێ ساڵ زانیاریان وەرگرتبوو تەنانەت ئەو خوێندکارانەش کە ئاستیان زۆر لاواز بوو لە وانەی بیرکاری بەهەمان شێوەی خوێندکارەکانی دیکە، یەکێك لەسوودە هەرە دیارەکانی ئەوەبوو کە ڕاستە خوێندکار لەسەرەتادا بەمەبەستی بەدەستهێنانی قازانجێك هەوڵی دەدا بەڵام لەدوایدا وای لێهات جۆرێك لە حەزیان لادروست بوو بۆ وانەکە و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا .

پاشان (کلازمایر و هاوڕێکانی لە ١٩٧١) شێوازێکی هاوشێوەیان داهێنا کەئەویش بریتی بوو لە ( بەڵێننامەی تاکەکەسی) واتە خوێندکار بەڵێننانمە دەبەستێت لەگەڵ خودی خۆی ، ئەم دوو زانایە هاتن ئەم تاقی

كردنەوەیەیان لەسەر كۆمەڵێك خوێندكار ئەنجامدا لە بابەتی خوێندنەوە ، سەرەتا كۆمەڵێك پەرتوك و سەرچاوەیان ئامادەكرد بۆ خوێندكاران و هەر خوێندكارێك بە گوێرەی ئارەزووی خۆی سەرچاوەیەك هەڵدەبژێرێتلەماوەیەكی دیاری كراودا دەبێت خوێندنەوەی ئەو سەرچاوەیە تەواو بكات لە پاداشتدا (هەندێك كەلوپەلی خوێندن وەردەگرێت ) بەدیاری لەسەرەتادا بۆ دوو كتێب پاشان (٥) كتێب و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت ، دواجار دەركەوت كە (٧٢) خوێندكاری پۆلی (٣) سەرەتایی لە لەماوەی (٩) مانگدا هەریەكێكیان بەلایەنی كەم (٢١) كتێبی خوێندۆتەوە لە كاتێكدا كە پێش تاقی كردنەوەكە هیچ كتێبێكیان نەخوێندبووەوە .( ٣٤١-٣٤٣/٥) پاشان لە (١٩٧٣ كۆهین) توێژینەیەكی كرد لەسەر (٣٦) هەرزەكاری لادەر ی دواكەوتوو لە خوێندن ، كۆهین رێكەوتنێكی كرد لەگەڵ ئەم نمونانەی توێژینەوەكەی كە لە رێككەوتنەكەدا هاتبوو كە هەر هەرزەكارێك لەبەرامبەر هەر چالاكیەك كەدەیكات (پارەیەكی رەمزی ) وەردەگرێت كە دەتوانێت بەو پارەیە (كاتی پشوو ، كاتی خەوتن ، خواردن ، كاتی چونە دەرەوە ، كاتی سەردانكردنی خزم و كەس و كار و هاورێ ) بكرێت ئەمەشی ناونا بە (سیستەمی ئابووری) یان ( ئابوری پارەی رەمزی) وە لە كۆتایدا بۆی دەركەوت كە توانیویەتی گۆڕانكاری زۆر دروست بكات لە رەفتاری ئەم هەرزەكارە لادەرانە.

پاشان لە (١٩٧٥ ماكلۆفین) جەختی لەسەر گرنگی ئەم ئیستراتیجیەتە كرد لە خوێندنگادا وە بە رێگایەكی سەركەوتووی لە قەڵەمدا بەڵام پێی وایە كەئەم شێوازە پێویستی بەكات و شوێن و كەسی گونجاو هەیە بۆیە بەكارهێنانی ئاسان نیە . (٣٣٩/٥)

زۆربەی توێژینەوەكانی بواری پەروەردە و فێركردن جەخت لەسەر گرنگی رۆڵی مامۆستا دەكەن لەبەرزكردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندكار ، كەواتە پێویستە مامۆستا خوێندكارەكانی بەباشی بناسێت،

پاڵنەری پشكنین (أستطلاع) كە پاڵنەرێكی سەرەتاییە لەلای هەموو كەسێك بوونی هەیە رۆڵی هەیە لە بەرزكردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندكار پێویستە مامۆستا رۆڵی هەبێت لە وروژاندنی ئەم پاڵنەرە لای خوێندكار لەرێگای راكێشانی (انتباه) خوێندكار بۆ وانەكە ئەمەش بەكاركردنی دەبێت لەسەر هەموو هەستەوەرەكانی (بینین ، بیستن ، بۆنكردن ، تامكردن ، دەستلێدان ) ی خوێندكار بكات لەكاتی وانە وتنەوەدا بۆ نمونە (جوڵەی زۆر بێت ، زمانی جەستە بەباشی بەكاربهێنێت بۆ گەیاندنی زانیاری و پەیام ، كۆنترۆڵی دەنگی بكات لەرووی بەرزو نزمی لەكاتی پێویست ،چەندین رێگاو شێوازی جیاواز بەكاربهێنێت بۆ گەیاندنی زانیاری لەسەر بابەتەكە وەك (داتاشۆ ، نەخشە ، تاقیگە ، سەردان ...هتد) ، سەرەتای وانەكە بەپێشەكیەكی بەهێز دەست پێبكات ، پرسیاری شاراوە (غامض) بكات بە جۆرێك كەمێشكی خوێندكار بجولێت.(٢١٦/١٥)

(لیڤین) پێی وایە كە هەموو مرۆڤێك دەتوانێت ئامانج بۆ خۆی دیاری بكات جائاسان بێت یان قورس بەڵام ئایا چەند كەس دەتوانێت ئەم ئامانجەی بێنێتە دی بەبێ رێگری و بەربەست .(١٧٩/٣)بیردۆزی مەعریفی پێی وایە كە مرۆڤ خاوەنی عەقڵ و ئیرادەیەكی ئازادە وە پرۆسە عەقڵیەكانی بەكاردەهێنێت بەرلە ئەنجامدانی هەر كارێك.(٢٩٦/٧) ، لەهەمان كاتدا (أدوین لوك) باس لە كاریگەری بوونی ئامانجێكی روون وئاشكرا دەكات لای خوێندكار لەسەر بەرزكردنەوەی پاڵنەری خوێندن بەمەرجێك ئەم ئامانجە واقعی بێت وە بەهایەكی باڵای هەبێت.(١٠٩-١١١/١) لێرەوە گرنگی رۆڵی مامۆستا دەردەكەوێت لە یارمەتیدانی خوێندكار بۆ دارشتنی ئامانجی لە بواری خوێندنی و سەركەوتن تیایدا.(١٨٠-١٨١/١٣) ، فیدباك وگرنگی پاداشت وسزا : (لندی و یلكون لە ١٩٦٤) پێیان وایە خوێندكار بەگشتی حەز بە فیدباك دەكات بۆ كارەكەی تاوەكو بزانێت راستی كردووە یان هەڵە و هەڵەكانی چاكبكاتەوە فیدباكیش واتە پاداشت یان سزا پێیان وایە كە ستایشكردن

پاداشتێکە هەموو خوێندکارێك حەزی پێیەتی ، (ماکلیلاند) باس لە جیاوازی نێوان خوێندکاران دەکات ئەوەی پاڵنەری خوێندنی بەرزە زۆر حەز بە فیدباکی کارەکەی دەکات لەگەڵ هەموو هەنگاوێك کە دەینێت بەڵام ئەوەی ئەم پاڵنەرەی نزمە حەز دەکات لەدوای تەواوبوونی کارەکەی فیدباك وەربگرێت ، بە لاّم بە گشتی فیدباك دوو جۆرە نوسراو و بەوتە بەلاّم لە هەموو کاتێکدا باشترە ڕوونکردنەوەی لەگەڵ بێت .(٨٧/١)

(بریماك ) پێی وایە کەئەگەر مامۆستا ویستی لەڕێگای پاداشت پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار بەرزبکاتەوە ئەوا پێویستە سەرەتا خوێندکار بناسێت وە بزانێت حەز بەچی دەکات چونکە مەرج نیە یەك پاداشت هەمان کاریگەری هەبێت بۆ هەموو خوێندکارێك.(٢٠٥/١١).

سێهەم / ئەو هۆکارانەی پەیوەندی هەیە بەخودی خوێندکار خۆی:

(برونر) دەڵێت " خوێندن دەرئەنجامی باشتری دەبێت ئەگەر پاڵنەر بۆ خوێندن ناوەکی بێت نەك بەهۆی کارتێکەری دەرەکیەوە بێت "(٢٩٣/٧) (اتکنسون) پێی وایە کە پاڵنەری خوێندن پاڵنەرێکی وەرگیراوە بە کاریگەری پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلاّیەتی دروست دەبێت لە مرۆڤدا بەلاّم بەڕێژەی جیاواز هەیە وە دەگۆڕێت لە تاکێك بۆ تاکێك وە لە بارودۆخێك بۆ بارودۆخێك ، (اتکنسۆن ) پێی وایە کۆمەڵێك هۆکار هەیە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەم پاڵنەرە لەوانە ك ( سەرکەوتن لەبەرامبەر شکستهێنان : ( اتکنسۆن ) پێی وایە ئەو خوێندکارەی پاڵنەری خوێندنی بەرزە هەمیشە هەوڵدەدات بۆ دیاری کردنی ئامانجەکانی و ڕێگای گەیشتن بە ئامانجی دیاری کردووە وهەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ بۆ سەرکەوتن لەکارەکەیدا وە بەدەستهێنانی نمرەی بەرز، لە کاتێکدا ئەو خوێندکارەی ئەم پاڵنەرەی نزمە تەنها ئەوەندە هەوڵدەدات بۆ ئەوەی دەربچێت بەبێ گوێدانە ئەوەی کە نمرەی بەرز بەدەست بهێنێت یان نا، خوێندکارەی پاڵنەری خوێندنی بەرزە کارێك هەڵدەبژێرێت کەئاستی مام ناوەند بێت وە بگونجێت لەگەڵ تواناکانی تاوەکو بتوانێت سەرکەوتوو بێت لە کاتێکدا ئەو خوێندکارەی ئەم پاڵنەرەی نزمە کارێك هەڵدەبژێرێت کە یان زۆر قورسە تاوەکو ئەگەر شکستی هێنا هۆکاری شکستەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ قورسی کارەکە ،یان کارێکی زۆر ئاسان هەڵدەبژێرێت کە دواجار تامی سەرکەوتن ناکات ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە خودی خۆی ناناسێت و کارەکەی هەڵیدەبژێرێت لەئاستی تواناکانیدا نیە ،(اتکنسون) پێی وایە کە سەرکەوتن خۆی لە خۆیدا دەبێتە پاڵنەرێك بۆ خوێندکار و پێویستی بە پاداشت و سزا نیە کە هانی بدات.(٢٠٩/١٥)

لە لایەکی دیکە (ماکلیلاند) بیروبۆچونەکانی تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی (اتکنسون) ە ، ئەم زانایە چەند سیفاتێکی دیاری کردووە بۆ جیاکردنەوەی ئەو خوێندکارەی پاڵنەری خوێندنی بەرزە لەو خوێندکارەی ئەم پاڵنەرەی نزمە ، لەگرنگترین خەسڵەتەکانی ئەو خوێندکارانەی کەئەم پاڵنەرەیان بەرزە ئەوەیە کە :

(هەمیشە هەوڵ دەدات بۆ کردنی کارێك کە ڕکەبەرایەتی تواناکانی بکات ، بەلاّم دەبێت ئاستی ڕکەبەرایەتیەکە ناوەندی بێت لەڕوی قورسی و ئاسانی ، خوێندکارەکە حەز دەکات بەتەنها کارەکەی بکات ، لەکاتی کاری گروپین حەز دەکات کار لەگەڵ خوێندکارێك کار بکات کە بەتوانا بێت نەك هاوڕێ بێت ، هۆکاری سەرکەوتن و شکست هێنانێك پەیوەست دەکات بە خودی خۆی و هەوڵەکانی نەك هۆکاری دەرەکی ، حەز دەکات زوو زوو فیدباکی بۆ بکەن تا بەردەوام خۆی پێش بخات توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەیە ، ئارەزووی پشکنینی بەرزە. (٨٧ ٩٢/١)

(واینر) دەڵێت خوێندکار هەمیشە هەوڵدەدات هۆکاری سەرکەوتن و شکستەکانی دیاری بکات کە ئایا ناوەکیە (واتە پەیوەندی بە خودی کەسەکە و هەوڵەکانی) هەیە یان دەرەکیە ( واتە پەیوەندی هەیە بە ئیشەکە کە ئایا قورسە یان ئاسانە و یان پەیوەندی بە کەسانی تر و ژینگەی کارەکە هەیە) ، وە هۆکارەکە ئایا قابیلی کۆنترۆڵکردنە وەك ( هەوڵدان) یان قابیلی کۆنترۆڵکردن نیە وەك ( هەلومەرجی لەناکاو) ، هۆکارەکە ئایا

جێگیرە وەك (تواناكانی كەسەكە) یان هۆكارەكانی ناجێگیرە وەك (هەوڵدان).

( واینر ) پێی وایە ئەو خوێندكارەی پاڵنەری خوێندنی بەرزە كاتێك نمرەی كەم بهێنێت لەوانەكانی هەست بەشەرم دەكات وە خۆی بە هۆكار دادەنێت واتە دەڵێت "خۆم زۆر ماندوو نەكرد یان بەباشی خۆم ئامادە نەكرد بۆیە نمرەی كەمم بەدەست هێنا" ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێك بۆی تاوەكو لە جاری داهاتوو زیاتر خۆی ماندوو بكات ،لەكاتێكدا ئەو خوێندكارەی ئەم پاڵنەرەی نزمە ئەوا هەرگیز خۆی بە هۆكار دانانێت وە دەرنەچونەكانی دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆكاری دەرەكی وە لە وتەكانی " مامۆستا ڕقی لێمە ، بابەتەكە قورسە ، من كەسێكی بەدبەختم ...هتد" بۆیە خۆی ماندوو ناكات .(١٥٠/١٢)

پاشان ( دویك لە ١٩٧٥) بەرنامەیەكی دانا بۆ گۆڕینی بیروبۆچونی خوێندكار سەبارەت بە هۆكاری سەركەوتن یان شكستهێنانی لە خوێندندا وە بۆ ماوەی (٢٥) ڕۆژ ڕاهێنانی بە خوێندكارەكان كرد لە وانەی بیركاری و ڕایهێنان لەسەر ئەوەی هۆكاری شكستهێنانیان لە بەئەنجامگەیاندنی ڕاهێنانەكان بگەڕێننەوە بۆ خودی خۆیان و كەمتەرخەمیان لەم بارەیەوە وە لەكۆتایدا گۆڕانكاریەكی گەورەی هەست پێكرد لە خوێندكارەكان لەم بارەیەوە، لەهەمان كاتدا (فوستر لنج لە ١٩٨٥) هەمان بۆچونەكانی (دویك) ی دوپات كردەوە وە جەختی لەسەر

ئەوە كرد كە گەڕاندنەوەی هۆكاری سەركەوتن و شكستی خوێندكار لە خوێندن بۆ هۆكاری (ناوەكی یان دەرەكی ) كاریگەری گەورەی هەیە لەسەر خوێندنی . (٣٣٦-٣٣٨/٥)

لەلایەكی تر (ادمز) لە بیردۆزی یەكسانی و دادپەروەری باس لە سێ چەمكی سەرەكی دەكات كە كاریگەری باڵایان هەیە لە پاڵنەرێتی خوێندن لای خوێندكار ئەوانیش ، ( تێچونەكان: وەك ( هەوڵدان و تێكۆشان)، دەرئەنجامەكان: واتە ئەو ەی كە بەدەستی دێنێت لە كۆتایدا، بەراوردكردن: بەراورد كردنی كەسەكە خۆی لەڕوی( تێچون و دەرئەنجام ) بەكەسانی تر.لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر خوێندكار هەستی بە دادپەروەری كرد لەخودی خۆیدا واتە چەند هەوڵیدا بەرامبەری ئەوە بەدەست بێنێ، وە لەهەمان كاتدا هەستی بە یەكسانی كرد لە گەڵ خوێندكارەكانی دیكە ئەوا پاڵنەرێتی خوێندنی بەرز دەبێتەوە و بە پێچەوانەوە .(٢٠٠/١١)

لەلایەكی دیكە (فكتۆر فرۆم لە ١٩٦٤) پێی وایە كە پاڵنەری خوێندكار بۆ خوێندن بەرزدەبێتەوە بەگوێرەی پێشبینی خوێندكارەكە بۆ دەرئەنجامی ئەو هەوڵەی كەدەیدات و ئەو بەهایەی كە دەیدا بە دەرئەنجامەكە بەڵام بێگومان هەر هەوڵێك كە دەدرێت زیاد لە دەرئەنجامێكی دەبێت كە هەندێكی ئەرێ و هەندێكی نەرێیە .

( بورتر و لولر) پێیان وایە كە مرۆڤ كاتێك پێشبینی بۆ دەرئەنجامی كارەكەی گونجا لەگەڵ دەرئەنجامەكە بە واقیعی ئەوا پاڵنەری بۆ كارەكەی بەرز دەبێتەوە و ڕازی دەبێت لە كارەكەی .( ٢٥٥/٢)

هەروەها (كلارك هل) باس لە گرنگی (حوافز/هاندان) دەكات كەوەك وروژێنەرێكی دەرەكی وایە پاڵ بە خوێندكار دەنێت بۆ تەواوكردنی كار یان خوێند بەسەركەوتویی وە ئەم ( حافز) ە پاداشتە بە (مادی و واتایی) ، (هل ) پێی وایە كە ئەم پاداشتە بەتەنها گرنگ نیە بەڵكو ئەو بەهایەی خوێندكارەكە دایدەنێت بۆ پاداشتەكە گرنگترە .(٤٠/٤)

(یركز و دودسون) ئەم دوو زانایە یاسایەكیان دانا وە پێیان وایە كە پەیوەندیەكی پێچەوانە هەیە لە نێوان پاڵنەرێتی و كارەكە واتە هەتا كارەكە قورس بێت دەبێت پاڵنەری كردنی كارەكەی كەم بێت وە بە پێچەوانەوە تا كەسەكە بتوانێت سەركەوتوو بێت كەواتە خوێندكار لە كاتی وانەی قورس نابێت پاڵنەری بۆ سەركەوتن ئەوەندە بەرز بێت كەتوشی شڵەژانی بكات . ((١٠٠/٦)

زۆرێك لە توێژینەوەكان دەریان خستووە كە بۆماوە كاریگەری گەورەی هەیە لەسەر پاڵنەری خوێندن لای خوێندكار بۆ نمونە دەرئەنجامی توێژینەوەكان دەركەوتوە كە هندیە سورەكان ئەم پاڵنەرەیان نزم و لاوازە

بەلاَم هەندێکی تر بۆچونیان جیاوازە وپێیان وایە کە ئەو هندیە سورانەی لە ئەمریکا دەژین و لە چینی دەولەمەندن ئەم پاڵنەرەیان بەرزە ، پێیان وایە کە باری ئابووری خێزان کاریگەری هەیە لەسەر بەرز و نزمی ئەم پاڵنەرە (١٨٢/٣) .

## دەروازەی دووهەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## بەشی سێهەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە و هەنگاوە مەیدانیەکانی

## باسی یەکەم : دیاریکردینی میتۆدی توێژینەوەکە:

**تەوەری یەکەم : دیاریکردنی میتۆدی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە دادەنرێت بە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری ، لە گرنگترین ئەو میتۆدانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدابەکاریهێناوە :

١- میتۆدی بەراوردکاری : لێرەدا توێژەر ئەم میتۆدەی بەکارهێناوە بۆ بەراوردکردنی خوێندنگا ئەهلیەکان لە دروست کردنی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار.

٢- میتۆدی ڕووپێوی کۆمەلاَیەتی : ) بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر ڕووپێوی کۆمەلاَیەتی بوونی هەیە ئەوانیش: (ڕووپێوی کۆمەلاَیەتی گشتگیر ، ڕووپێوی کۆمەلاَیەتی بەرێگەی وەرگرتنی نمونە) سروشتی ئەم توێژینەوەیە وای خواست کە ڕێگای (ڕووپێوی نمونەی ) بەکار بهێنین .

**تەوەری دووهەم : دیاری کردنی کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوەکە :** دەکرێت بڵێین کە کۆمەڵگای توێژینەوەی ئێمە هەموو ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کەلە سەنتەری شاری سلێمانین و لە خوێندنگا حکومی و ئەهلیەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بەهەردوو بەری (ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوا ) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) دەخوێنن کە بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

خشتەی ژمارە (١) / پوختەی ئاماری ژمارەی خوێندنگا ئەهلیەکانی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی / ناوەندی شار

| پەروەردەکان | خوێندنگای ئەهلی |
|---|---|
| ڕۆژئاوا | ١٧ |
| ڕۆژهەلاَت | ٥ |
| کۆی گشتی | ٢٢ |

تێبینی/ لەبەر ئەوەی توێژەر تەنها خوێندنگا ئەهلیەکانی شاری سلێمانی وە رگرتووە وەك نمونەی توێژینەوەکە بۆیە تەنها ئاماژەی داوە بەژمارەی خوێندکارانی خوێندنگا ئەهلیەکانی شاری سلێمانی بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی/ بەشی پەیمانگا ئەهلیەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

خشتەی ژمارە (٢) / پوختەی ئاماری ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگا ئەهلیەکانی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

| پەروەردە | خوێندنگا ئەهلیەکان |
|---|---|
| قۆناغی بنەڕەتی | ٥٣٥٣ |
| قۆناغی ئامادەیی | ٨٨١ |
| کۆی گشتی | ٦٢٣٤ |

• نمونەی توێژینەوەکە : بەمەبەستی وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بە ڕێگای (( نمونەی مەبەستدارە العینە القصدیە )) واتە لێرەدا توێژەر تەنها خوێندنگا ئەهلیەکانی وەرگرتووە کە ژمارەیان دیاری کراوە ، ئاشکراشە کە هەر خوێندنگایەك کۆمەڵێك قۆناغ لە خۆدەگرێت کە (١-١٢) توێژەر پێی باشە کە قۆناغی ( ٨ بۆ ١٢ ) وەربگرێت چونکە تواناى وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پێوەری توێژینەوەکەیان هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا (٢٠٠) خوێندکاری قۆناغی (٨ بۆ ١٢) ی بنەڕتی وەرگیراوە لە (٤) خوێندنگای ئەهلی کە پێکهاتوون لە (١٢٠) خوێندکاری ڕەگەزی (نێر) و (٨٠) خوێندکاری ڕەگەزی (مێ) ، بڕی (٥٠) خوێندکار وەرگیراوە لە هەر خوێندنگایەك کە بریتین لە (٣٠) خوێندکاری ڕەگەزی (نێر) و (٢٠) خوێندکاری ڕەگەزی (مێ) بەو پێیەی کە توێژینەوەکە بەراوردکاریە بۆیە توێژەر پێی باشە کە ژمارەی خوێندکاران وەك یەك بێت لەهەموو خوێندنگاکان .

## تەوەری سێهەم / بوارەکانی توێژینەوەکە :

١.بواری شوێنی : بریتیە لەو ناوچە جوگرافیەی کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامدراوە ، بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ناوەندی شاری سلێمانی ولە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بەهەردوو بەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەنجامدراوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردوستانە.

٢.بواری کاتی : ئەو ماوەیەیە کە کارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامدەدرێت ، سروشتی ئەم توێژینەوەیە پێویستی بەماوەی ( ٣) مانگ هەبوو کە کارە مەیدانیەکەی تیادا جێبە جێبکرێت ، واتە لەبەرواری (١/٤/٢٠١٦ - ١/٧/٢٠١٦) ی خایاندووە .

٣.بواری مرۆیی : هەموو خوێندکارانی ناوەندی شاری سلێمانی دەگرێتەوە کەلە خوێندنگا ئەهلیەکانی سەربە پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەخوێنن ، لێرەدا توێژەر نمونەیەکی (٢٠٠) یەکەیی وەرگرتووە لە (٤) خوێندنگای ئەهلی کە پێکهاتون لە (١٢٠) خوێندکار لەڕەگەزی نێر و(٨٠) خوێندکار لەڕەگەزی مێ لە

قۆناغەکانی (٨بۆ١٢) بنەڕەتی .

**تەوەری چوارەم / ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

پێوەر (المقیاس) : سەرەکیترین ئامرازە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکاندا ، لێرەدا کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە دەخرێتە ڕوو وە لەلایەن لێتوێژراو وەڵام دەدرێتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە ، لێرەدا و لەپێناو بنیاتنانی پرسیارەکانی پێوەری توێژینەوەکە هەستاین بەئەنجامدانی چەند هەنگاوێکی سەرەکی : (خوێندنەوە و پێداچونەوەی کۆمەڵێك سەرچاوەی زانستی پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکە ، خوێندنەوە و پێداچونەوەی توێژینەوەکانی پێشوو ، چاوپێکەوتن و پرسیار کردن لە کۆمەڵێك کەسی شارەزا لەم بوارەدا ).

پاشان توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەری توێژینەوەکە کە لە دوو لایەن پێك هاتبوو : لایەنی زانیاری گشتی کە تەنها سێ گۆڕاو لە خۆ دەگرێت ئەوانیش (تەمەن ، ڕەگەز ، ناوی خوێندنگا ) ، و لایەنی زانیاری تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە کە دابەش بووە بەسەر (چوار) تەوەری سەرەکی ئەوانیش : ( خوێندنگا ، ژینگەی پۆل ، مامۆستا ، خودی خوێندکار ) کە ژمارەیان (٦٥) پرسیارە و بڕگەکانیشی بەدوو ئاراستە دەڕوات پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ ،وەڵامی هەر بڕگەیەکیش (٤) وەڵامە کەواتە بەگشتی (٦٨) پرسیارە ، هێزی بڕگەکانی پێوەرەکەش بەم جۆرەیە:

**خشتەی ژمارە (٣) / هێزی بڕگەکان دیاری دەکات**

| هێزی بڕگەکان | هەمیشەبەسەرمدا جێبەجێدەبێت | بەسەرمدا جێبەجێدەبێت | بەسەرمدا جێبەجێنابێت | هەرگیز بەسەرمدا جێبەجێنابێت |
|---|---|---|---|---|
| بڕگە پۆزەتیڤەکان | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| بڕگە نەگەتیڤەکان | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |

هەروەها بواری وەڵامدانەوەی لێتوێژراو لە فۆرمی پێوەری توێژینەوەکەدا لە نێوان نرخی (٦٥ ٢٦٠) دایە .

پاشان بەمەبەستی جێگیرکردنی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە هەستاین بە ئەنجامدانی چەند هەنگاوێکی گرنگ لەوانە :

١ ڕاستکردنەوەی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە : بریتیە لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی وورد و زانستی بۆ پرسیارەکانی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە بەمەبەستی پێوانەکردن و دیاری کردنی ڕادەی گونجاوی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە.

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە شێوازی ئاشکرا (( الصدق الظاهری )) وەرگیراوە، کەبریتیە لەوەرگرتنی ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی لە زانکۆی سلێمانی ، دەرئەنجام هەندێك لەو بڕگانە جێگیر کران و هەندێکیان ڕووبەڕووی دەستکاری کردن بوونەوە و سەرلەنوێ داڕێژرانەوەیان بۆ کرا بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ بڕگەیەك نەبوو کە هەموو پسپۆڕان ڕێکەون لەسەری بۆ لابردن بۆیە هیچ بڕگەیەك لانەبرا.

ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕای شارەزایان* سەبارەت بە فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە دیاری دەکات .

خشتەی ژمارە (٤) / ئاستی ڕاستگۆیی پرسیارەکانی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە دیاری دەکات

| ژ | ناوی شارەزایان | ژمارەی برگە پەسەندکراوەکان | ژمارەی برگە پەسەندنەکراوەکان | برگە پەسەند نەکراوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د. نیان نامق صابر | ٦٤ | ٤ | ٥،٣٤، ٤١، ٤٤ | ٩٤,١١٪ |
| ٢ | د. کەژاڵ حسین محمد | ٦٧ | ١ | ٨ | ٩٨,٥٪ |
| ٣ | د.لقمان صالح | ٦٨ | ٠ | ٠ | ١٠٠٪ |
| ٤ | د. ئارام علی فرج | ٦٤ | ٤ | ٦، ١٧ ، ٤٥ ، ٤٦ | ٩٤,١١٪ |
| ٥ | د. کوردوستان عمر | ٦٨ | ٠ | ٠ | ١٠٠٪ |

لێرەوە دەردەکەوێت کە تێکڕای گشتی ڕێژەی پەسەندکردنی شارەزایان بۆ برگەکان دەکاتە (٩٧,٣٤٪)، کەواتە برگەکان دەگونجێت لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە.

٢.جێگیرکردنی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەستا بە دیاری کردنی نمونەیەکی ( ٢٠ ) یەکەیی لە دوو خوێندنگای جیاوازی ئەهلی،چاوپێکەوتنی یەکەمی لەگەڵ ئەنجامدان و فۆرمی پێوەری توێژینەوەکەی بەسەردا دابەش کردن و پاش وەرگرتنەوەی فۆرمەکان نمرەکانیان ئەژمار کرا ، پاش تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ بەسەر چاوپێکەوتنی یەکەم هەمان فۆرم به پرنەکراوەیی دابەش کرایەوە بەسەر هەمان نمونەدا دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان بۆ جاری دووهەم نمرەکانیان ئەژمار کرا بەمەبەستی دیاری کردنی ڕادەی پەیوەندی نێوان هەردوو وەڵامی باری یەکەم و باری دووهەم بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە هاوکێشەی ئاماری ((سپێرمان )) بەستراوە . ئەم خشتەیەی خوارەوە جێگیر کردنی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە دەستنیشان دەکات:

**خشتەی ژمارە (٥) / جێگیرکردنی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە دەستنیشان دەکات**

| ژ | نرخەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم (س) | نرخەکانی تاقیکردنەوەی دووهەم (ص) | ڕیزبەندی ژمارەیی بۆ تاقی کردنەوەی یەکەم (رتب س) | ڕیزبەندی ژمارەیی بۆ تاقی کردنەوەی دووهەم (رتب ص) | جیاوازی (س-ص) | (ف٢) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٨٩ | ١٨٧ | ١٢ | ١٢ | ٠ | ٠ |
| ٢ | ٢١١ | ٢١٣ | ١٤ | ١٥ | ١ | ١ |
| ٣ | ٢٠٨ | ٢٠١ | ١٥ | ١٤ | ١ | ١ |
| ٤ | ١٨٥ | ١٨٤ | ١١ | ١١ | ٠ | ٠ |
| ٥ | ١٨٣ | ١٨٩ | ٢ | ٢ | ٠ | ٠ |
| ٦ | ١٧٨ | ١٨١ | ٣ | ٨ | ٥ | ٢٥ |
| ٧ | ١٨٨ | ١٨٨ | ٨ | ٣ | ٥ | ٢٥ |
| ٨ | ١٩٣ | ٢٠٢ | ١ | ٥ | ٤ | ١٦ |
| ٩ | ١٣١ | ١٢٨ | ٧ | ٧ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | ١٣٠ | ١٢٩ | ٤ | ١ | ٣ | ٩ |
| ١١ | ٢١٣ | ٢١٤ | ٥ | ٤ | ١ | ١ |
| ١٢ | ٢٢٣ | ٢٢٧ | ٦ | ٦ | ٠ | ٠ |
| ١٣ | ١٦٧ | ١٦٩ | ١٣ | ١٣ | ٠ | ٠ |
| ١٤ | ٢٢٢ | ٢٢٠ | ١٨ | ١٩ | ١ | ١ |
| ١٥ | ٢١٩ | ٢٢١ | ١٩ | ١٨ | ١ | ١ |
| ١٦ | ١٢٣ | ١٢٧ | ٩ | ١٠ | ١ | ١ |
| ١٧ | ١١٦ | ١١٤ | ١٠ | ٩ | ١ | ١ |
| ١٨ | ١٤٩ | ١٤٣ | ١٦ | ١٦ | ٠ | ٠ |
| ١٩ | ١٤٦ | ١٥١ | ١٧ | ١٧ | ٠ | ٠ |
| ٢٠ | ١١٢ | ١١١ | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی گ | گشتی | | | | | ٨٢ |

ر = ١ - ٦ * مج (ف)٢

ن (ن٢ - ١ )

ر = ١ - ٦ * ٨٢

٢٠ (٤٠٠ - ١)

ر = ١ - ٤٩٢ = ١ - ٤٩٢

٢٠ * ٣٩٩ ٧٩٨٠

ر = ١ - ٠,٠٦١

ر = ٠,٩٣٩ بەهای (( سپێرمان )) ی بەدەستهاتوو

بەو پێیەی بەهای سپێرمانی بەدەست هاتوو دەکەوێتە نێوان ( ٠,٧  ١) کە دەکاتە ( ٠,٩٣٩) واتە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووهەم کەواتە پرسیارەکانی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە شایانی جێگیرکردنە. 

تەوەری پێنجەم / بەتاڵکردنی زانیاری ناو فۆرمەکە : ئەم قۆناغەش چەند هەنگاوێك لە خۆدەگرێت کە بریتین 

لە : ١. دڵنیابوون لە ڕاستی و تەواوی وەڵامەکان : بەو واتایەی کە توێژەر دڵنیا بێت لەوەی هەموو لێتوێژراوانی نمونەی توێژینەوەکە وەڵامی تەواوی بڕگەکانی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکەیان داوەتەوە.

٤. لەکاتێکدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٥) بەڕێژەی (٩٠٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە بینای خوێندنگاکەیان گرنگی بەلایەنی سەلامەتی خوێندکار داوە ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٤٪) واتە بڕی (٣٧) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٣٤) بەڕێژەی (٦٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٧) بەڕێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە بینای خوێندنگاکەیان گرنگی بەلایەنی سەلامەتی خوێندکار داوە.

٥. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٥) بەڕێژەی (٩٠٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان بایەخ بە پاکوخاوێنی و پاراستنی ژینگە دەدات ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٦٪) واتە بڕی ( ٣٨) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٣) بەڕێژەی (٦٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەڕێژەی ( ٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە کە خوێندنگاکەیان بایەخ بە پاکوخاوێنی و پاراستنی ژینگە دەدات .

٦. لە (خ.ب.ن) بڕی (٤٦) کە دەکاتە (٩٢٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە ژمارەی پۆلەکانیان گونجاون لەگەڵ ژمارەی خوێندکاران ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٤١) واتە بەڕێژەی (٨٢٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣٥) کە دەکاتە (٧٠٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٧) واتە بەڕێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە ژمارەی پۆلەکانیان گونجاون لەگەڵ ژمارەی خوێندکاران.

٧. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٣) بەڕێژەی (٨٦٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە ژمارەی توالێتەکان گونجاوە لەگەڵ ژمارەی خوێندکاران ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٨٢٪) واتە بڕی (٤١) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٣) بەڕێژەی (٦٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٧) بەڕێژەی (٥٤٪) ی

ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە ژمارەی توالێتەکان گونجاوە لەگەڵ ژمارەی خوێندکاران.

٨. لە (خ.ب.ن) بڕی (٤٣) کە دەکاتە (٨٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بە کتێبی بۆ دابین کردوون ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٤٠) واتە بەڕێژەی (٨٠٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣٢) کە دەکاتە (٦٤٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٨) واتە بەڕێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کەلە خوێندنگاکەیاندا کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بە کتێب بوونی هەیە.

٩. لەهەمان کاتدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٦) بەڕێژەی (٩٢٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان سەنتەری کۆمپیوتەری پێشکەوتووی بۆ خوێندکاران فەراهەم کردووە ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٦٪) واتە بڕی (٣٨) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٢) بەڕێژەی (٦٤٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان سەنتەری کۆمپیوتەری پێشکەوتووی بۆ خوێندکاران فەراهەم کردووە.

١٠. هەروەها لە (خ.ب.ن) بڕی (٤٠) کە دەکاتە (٨٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان گرنگی دەدات بە دابین کردن و زیاد کردنی ڕێژەی سەوزایی و باخ لە خوێندنگاکەدا ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٤٠) واتە بەڕێژەی (٨٠٪) ،لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣٢) کە دەکاتە (٦٤٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٨) واتە بەڕێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کەخوێندنگاکەیان گرنگی دەدات بە دابین کردن و زیاد کردنی ڕێژەی سەوزایی و باخ لە خوێندنگاکەدا .

١١. هەر لە (خ.ب.ن)زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە بڕی (٤٧) بەڕێژەی (٩٤٪) پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان مەیدانی گونجاوی بۆ وەرزش کردن ویاری کردن بۆ دەستەبەرکردوون ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٤١) واتە بەڕێژەی (٨٢٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣٤) کە دەکاتە (٦٨٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٩) واتە بەڕێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان مەیدانی گونجاوی بۆ وەرزش کردن ویاری کردن بۆ دەستەبەرکردوون .

١٢. لەهەمان کاتدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٣) بەڕێژەی (٨٦٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان ژووری تایبەت بە چالاکیە هونەری و میوزیکیەکانی بۆ دابین کردوون ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٨٪) واتە بڕی (٣٩) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٢) بەڕێژەی (٦٤٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان ژووری تایبەت بە چالاکیە هونەری و میوزیکیەکانی بۆ دابین کردوون.

١٣. لەهەمان کاتدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٥) بەڕێژەی (٩٠٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان تاقیگەی پێشکەوتووی بۆ دابین کردوون ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٨٪) واتە بڕی (٣٩) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٤) بەڕێژەی (٦٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣٢) بەڕێژەی (٦٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان تاقیگەی پێشکەوتووی بۆ دابین کردوون.

١٤. هەر لە (خ.ب.ن) زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە بڕی (٤٣) بەڕێژەی (٨٦٪) پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان هەر زوو بەدەنگ داواکاریەکانیان دێت ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٤١) واتە بەڕێژەی (٨٢٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣٤) کە دەکاتە (٦٨٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٩) واتە بەڕێژەی ( ٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان مەیدانی گونجاوی بۆ وەرزش کردن ویاری کردن بۆ دەستەبەرکردوون .

١٥. لەهەمان كاتدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٤) بەڕێژەی (٨٨٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە كە خوێندنگاكەیان بایەخ بەكەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدات و شوێنی بۆ دابین كردون ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٦٨٪) واتە بڕی (٣٤) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٠) بەڕێژەی (٤٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە خوێندنگاكەیان بایەخ بەكەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدات و شوێنی بۆ دابین كردون .

١٦.هەروەها لە (خ.ب.ن) بڕی (٤٤) كە دەكاتە (٨٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە خوێندنگاكەیان شوێنی نان خواردنی بۆ دابین كردوون ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەكاتە (٤٣) واتە بەڕێژەی ( ٨٦٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣٥) كە دەكاتە (٧٠٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٨) واتە بەڕێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كەخوێندنگاكەیان شوێنی نان خواردنی بۆ دابین كردوون.

١٧.زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٢) بەڕێژەی (٨٤٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە كە خوێندنگاكەیان گرنگی بە كوالیتی خواردن دەدات ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٨٤٪) واتە بڕی (٤٢) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٤) بەڕێژەی (٦٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە خوێندنگاكەیان گرنگی بە كوالیتی خواردن دەدات.

١٨.هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٤) بەڕێژەی (٨٨٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە كە خوێندنگاكەیان گرنگی بە پاكوخاوێنی خواردن دەدات ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٨٠٪) واتە بڕی (٤٠) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٢) بەڕێژەی (٦٤٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٧) بەڕێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە خوێندنگاكەیان گرنگی بە پاكوخاوێنی خواردن دەدات .

١٩. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٣) بەڕێژەی (٨٦٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە كە خوێندنگاكەیان گرنگی بە چاودێری تەندروستی خوێندكار دەدات و شوێنی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئامادەكردوون ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٨٤٪) واتە بڕی (٤٢) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣١) بەڕێژەی (٦٢٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەڕێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە خوێندنگاكەیان گرنگی بە چاودێری تەندروستی خوێندكار دەدات و شوێنی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئامادەكردوون

- <u>تەوەری تایبەت بە كاریگەری ژینگەی پۆل لەسەر بەرزكردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندكار:</u>

٢٠.هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٧) بەڕێژەی (٩٤٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە كە ڕووبەری پۆلەكەیان گونجاوە لەگەڵ ژمارەی خوێندكاران ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٨٢٪) واتە بڕی (٤١) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٦) بەڕێژەی (٧٢٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣٠) بەڕێژەی (٦٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە كە ڕووبەری پۆلەكەیان گونجاوە لەگەڵ ژمارەی خوێندكاران.

٢١. هەر لە(خ.ب.ن) زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كە دەكاتە بڕی (٤٦) واتە بەڕێژەی ( ٩٢٪) جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە لە پۆلەكەیاندا شوێنی تایبەت بەخۆیان هەیە ، لەكاتێكدا لە (خ.ج.ب) بڕی (٤١) بەڕێژەی (٨٢٪ ) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) بڕی ( ٣٧) بەڕێژەی (٧٤٪ ) ، لە (خ.م.ن) بڕی ( ٣٠ ) بەڕێژەی ( ٦٠٪) جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە پۆلەكەیان شوێنی تایبەت بەخۆیانی بۆ دەستەبەركردوون.

٢٢. هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٦) بەڕێژەی (٩٢٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە كە ژمارەی خوێندكارانی ناو پۆلەكەیان لەنێوان (٢٥-٣٠) خوێندكاردایە، ئەم ڕێژەیە دەكاتە ( ٨٢٪) واتە بڕی (٣٩) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٣٥) بەڕێژەی (٧٠٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی ( ٣١) بەڕێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە ژمارەی خوێندكارانی ناو پۆلەكەیان

لەنێوان (٢٥-٣٠) خوێندکاردایە.

٢٣. هەر لە (خ.ب.ن) زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە بڕی (٤٧) واتە بەڕێژەی (٩٤٪) جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە لە پۆلەکەیاندا هەموو کەلوپەلێکی پێویست بۆ خوێندن ئامادەکراوە ، لەکاتێکدا لە (خ.ج.ب) بڕی (٣٥) بەڕێژەی (٧٠٪) ، و لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) بڕی (٣٦) بەڕێژەی (٧٢٪)، لە(خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەڕێژەی (٥٨٪) جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە پۆلەکەیاندا هەموو کەلوپەلێکی پێویست بۆ خوێندن ئامادەکراوە.

٢٤. هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٣) بەڕێژەی (٨٦٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە لەخوێندنگاکەیاندا بایەخ بە پاکوخاوێنی پۆلەکەیان دەدرێت، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٦٪) واتە بڕی (٣٨) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٣) بەڕێژەی (٦٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە لەخوێندنگاکەیاندا بایەخ بە پاکوخاوێنی پۆلەکەیان دەدرێت.

٢٥. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٣) بەڕێژەی (٨٦٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان هەموو ئامرازێکی ساردکردنەوەو گەرم کردنەوەی لەپۆلەکانیاندا بۆ دەستەبەرکردوون، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٦٪) واتە بڕی (٣٨) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٤) بەڕێژەی (٦٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣٠) بەڕێژەی (٦٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە خوێندنگاکەیان هەموو ئامرازێکی ساردکردنەوەو گەرم کردنەوەی لەپۆلەکانیاندا بۆ دەستەبەرکردوون.

٢٦. هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٥) بەڕێژەی (٩٠٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کەلە پۆلەکەیاندا ڕووناکی و پەنجەرەی گونجاو هەیە ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٦٪) واتە بڕی (٣٨) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٣٣) بەڕێژەی (٦٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەڕێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە کەلە پۆلەکەیاندا ڕووناکی و پەنجەرەی گونجاو هەیە.

٢٧. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٥) بەڕێژەی (٩٠٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە لە پۆلەکەیاندا ئامرازی پێشکەوتووی وەك (داتاشۆ) بوونی هەیە ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٦٨٪) واتە بڕی (٣٤) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٣) بەڕێژەی (٦٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٢) بەڕێژەی (٤٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە لە پۆلەکەیاندا ئامرازی پێشکەوتووی وەك (داتاشۆ) بوونی هەیە.

٢٨. هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٢) بەڕێژەی (٨٤٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کەلە پۆلەکەیاندا هەست بە ئارامی دەروونی دەکەن ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٨٢٪) واتە بڕی (٤١) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣١) بەڕێژەی (٦٢٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەڕێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کەلە پۆلەکەیاندا هەست بە ئارامی دەروونی دەکەن.

٢٩. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٢) بەڕێژەی (٨٤٪) لە (خ.ب.ن) هەست بەبوونی خۆشەویستی دەکەن لە پۆلەکەیاندا، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٤٪) واتە بڕی (٣٧) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٢) بەڕێژەی (٦٤٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣١) بەڕێژەی (٦٢٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەست بەبوونی خۆشەویستی دەکەن لە پۆلەکەیاندا.

٣٠. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤١) بەڕێژەی (٨٢٪) لە (خ.ب.ن) پۆلەکەیان بە ماڵی خۆیان دەزانن، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٤٪) واتە بڕی (٣٧) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٢٧) بەڕێژەی (٧٤٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەڕێژەی (٤٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پۆلەکەیان بە

ماڵی خۆیان دەزانن.

- **تەوەری تایبەت بە کاریگەری مامۆستا لەسەر بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار:**

٣١. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە (٤٠) بەرێژەی (٨٠٪) لە (خ.ب.ن) جەخت لەسەر خۆشەویستی خۆیان دەکەن بۆ مامۆستاکانیان ، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٨٪) واتە بڕی (٤٢) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٠) بەرێژەی (٦٠٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەرێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر خۆشەویستی خۆیان دەکەن بۆ مامۆستاکانیان .

٣٢. لەکاتێکدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە (٤٣) بەرێژەی (٨٦٪) لە (خ.ب.ن) هەست دەکەن مامۆستاکانیان وەك هاوڕێ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٦٪) واتە بڕی (٣٨) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٠) بەرێژەی (٦٠٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەرێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەست دەکەن مامۆستاکانیان وەك هاوڕێ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن.

٣٣.لە (خ.ب.ن) بڕی (٤١) کە دەکاتە (٨٢٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە مامۆستاکانیان وەك پردێکن بۆ لەیەك نزیك کردنەوەی هاوپۆلەکان، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٣٨) واتە بەرێژەی (٧٦٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٢٩) کە دەکاتە (٥٨٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٨) واتە بەرێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە وایە کە مامۆستاکانیان وەك پردێکن بۆ لەیەك نزیك کردنەوەی هاوپۆلەکان .

٣٤. لەکاتێکدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٢) بەرێژەی (٨٤٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە ڕێز وخۆشەویستی ئەوان و مامۆستاکانیان پێکەوە دەبەستێت ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٦٪) واتە بڕی (٣٨) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣١) بەرێژەی (٦٢٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەرێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە ڕێز وخۆشەویستی ئەوان و مامۆستاکانیان پێکەوە دەبەستێت

٣٥.زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٠) بەرێژەی (٨٠٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە ئامانجی ئەو بابەتەی دەیخوێنن بۆیان ڕوون و ئاشکرایە ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٠٪) واتە بڕی (٣٥) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٢٧) بەرێژەی (٥٤٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن)بڕی (٢٧) بەرێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە ئامانجی ئەو بابەتەی دەیخوێنن بۆیان ڕوون و ئاشکرایە.

٣٦.لە (خ.ب.ن) بڕی (٤١) کە دەکاتە (٨٢٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە لە توانایاندا هەیە ئەو بابەتەی دەیخوێنن لەژیانی ڕۆژانەیاندا پراکتیزەی بکەن، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٣٦) واتە بەرێژەی (٧٢٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٢٨) کە دەکاتە (٥٦٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٧) واتە بەرێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کەدەتوانن ئەو بابەتەی دەیخوێنن لەژیانی ڕۆژانەیاندا پراکتیزەی بکەن.

٣٧.زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٣٨) بەرێژەی (٧٦٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە ئەو بابەتەی دەیخوێنن لەئاستی تواناکانیاندایە ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٤٪) واتە بڕی (٣٧) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها ( ٢٧) بەرێژەی (٥٤٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٨) بەرێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە ئەو بابەتەی دەیخوێنن لەئاستی تواناکانیاندایە.

٣٨.لە (خ.ب.ن) بڕی (٤٠) کە دەکاتە (٨٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە مامۆستا پاداشتیان دەکات کاتێك وانە دەزانن ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٣٩) واتە بەرێژەی (٧٨٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣٢) کە دەکاتە (٦٤٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٨) واتە بەرێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە مامۆستا پاداشتیان دەکات کاتێك وانە دەزانن.

٣٩.لەهەمان کاتدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٣٨) بەڕێژەی (٧٦٪) لە (خ.ب.ن) جەخت لەسەر سزادانیان دەکەن لەلایەن مامۆستاکانیان لەکاتێکدا کە هەڵە دەکەن، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٠٪) واتە بڕی (٣٥) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٢) بەڕێژەی (٦٤٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣١) بەڕێژەی (٦٢٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە جەخت لەسەر سزادانیان دەکەن لەلایەن مامۆستاکانیان لەکاتێکدا کە هەڵە دەکەن.

٤٠. هەروەها لە (خ.ب.ن) بڕی (٣٩) کە دەکاتە (٧٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە کەشی دیموکراسی لە پۆلەکەیاندا بوونی هەیە، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٣٨) واتە بەڕێژەی (٧٦٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣٣) کە دەکاتە (٦٦٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٩) واتە بەڕێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کەشی دیموکراسی لە پۆلەکەیاندا بوونی هەیە.

٤١. هەر لە (خ.ب.ن) زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە بڕی (٤٤) بەڕێژەی (٨٨٪) پێیان وایە کە مامۆستا بەباشی بابەتەکە ڕێکدەخات و ڕوونی دەکاتەوە ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٣٧) واتە بەڕێژەی (٧٤٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣٠) کە دەکاتە (٦٠٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٣٠) واتە بەڕێژەی ( ٦٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە مامۆستا بەباشی بابەتەکە ڕێکدەخات و ڕوونی دەکاتەوە.

٤٢. لەهەمان کاتدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤١) بەڕێژەی (٨٢٪) لە (خ.ب.ن) جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە مامۆستا ڕێگا و شێوازی تازە بەکاردێنێت بۆ شیکردنەوەی بابەتەکان، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٤٪) واتە بڕی (٣٧) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٩) بەڕێژەی (٥٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە مامۆستا ڕێگا و شێوازی تازە بەکاردێنێت بۆ شیکردنەوەی بابەتەکان.

٤٣. لەهەمان کاتدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤١) بەڕێژەی (٨٢٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە مامۆستا لەکاتی وتنەوەی وانەدا ناهێڵێت خەیاڵیان بڕوات ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٤٪) واتە بڕی (٣٧) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە مامۆستا لەکاتی وتنەوەی وانەدا ناهێڵێت خەیاڵیان بڕوات .

٤٤. هەر لە (خ.ب.ن) زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە بڕی (٤١) بەڕێژەی (٨٢٪) جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە شێوازی پرسیارکردنی مامۆستا بەجۆرێکە کە مێشك و بیریان دەجوڵێنێت ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب) دەکاتە (٣٦) واتە بەڕێژەی (٧٢٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٢٧) کە دەکاتە (٥٤٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٢٧) واتە بەڕێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە شێوازی پرسیارکردنی مامۆستا بەجۆرێکە کە مێشك و بیریان دەجوڵێنێت.

٤٥. لەهەمان کاتدا زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٣٩) بەڕێژەی (٧٨٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە کە مامۆستاکانیان جیاوازی ناکەن لەنێوان خوێندکاراندا ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٢٪) واتە بڕی (٣٦) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٢٩) بەڕێژەی (٥٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٧) بەڕێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە کە مامۆستاکانیان جیاوازی ناکەن لەنێوان خوێندکاراندا .

٤٦.هەروەها لە (خ.ب.ن) بڕی (٤٤) کە دەکاتە (٨٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە مامۆستا فیدباك دەکات بۆ وەڵامەکانیان بەنمرە و تێبینی ، ئەم ڕێژەیە لە (خ.ج.ب٩ دەکاتە (٣٨) واتە بەڕێژەی

(٨٦٪) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) (٣١) كە دەكاتە (٦٢٪) ، لە (خ.م.ن) تەنها (٣٠) واتە بەرێژەی (٦٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە مامۆستا فیدباك دەكات بۆ وەڵامەكانیان بەنمرە و تێبینی.

٤٧.هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤١) بەرێژەی (٨٢٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە مامۆستا گرنگی بە تازەگەری دەدات لە خوێندنیاندا ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٧٠٪) واتە بڕی (٣٥) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٣٠) بەرێژەی (٦٠٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٨) بەرێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە مامۆستا گرنگی بە تازەگەری دەدات لە خوێندنیاندا .

٤٨.زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٠) بەرێژەی (٨٠٪) لە (خ.ب.ن) جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە مامۆستاكانیان سەردانی زانستیان پێدەكات ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٦٨٪) واتە بڕی (٣٤) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٠) بەرێژەی (٦٠٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٧) بەرێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە مامۆستاكانیان سەردانی زانستیان پێدەكات.

٤٩. هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٣٨) بەرێژەی (٧٦٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە كە مامۆستاكەیان كارەكەی خۆش دەوێت و هەوڵی بەرەو پێشچوونی خۆی دەدات ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٦٨٪) واتە بڕی (٣٤) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٢٩) بەرێژەی (٥٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٧) بەرێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە مامۆستاكەیان كارەكەی خۆش دەوێت و هەوڵی بەرەو پێشچوونی خۆی دەدات.

٥٠.هەر لە (خ.ب.ن) زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كە دەكاتە بڕی (٣٩) واتە بەرێژەی ( ٧٨٪) جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە پەیوەندیەكی باش هەیە لەنێوان مامۆستاكانیان و خێزانەكانیان و هەموو هەوڵدەدەن بۆ بەرەو پێشچونیان ، لەكاتێكدا لە (خ.ج.ب) بڕی (٣٨) بەرێژەی (٧٦٪ ) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ئەیوبی و كۆلێژی سلێمانی كچان بڕی ( ٣٢) بەرێژەی (٦٤٪ ) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٦) بەرێژەی ( ٥٢٪) جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە پەیوەندیەكی باش هەیە لەنێوان مامۆستاكانیان و خێزانەكانیان و هەموو هەوڵدەدەن بۆ بەرەو پێشچونیان.

- <u>تەوەری تایبەت بە كاریگەری خودی خوێندكار خۆی لەسەر بەرزكردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندكار:</u>

٥١. هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٣٩) بەرێژەی (٧٨٪) لە (خ.ب.ن) جەخت لەسەر ناسینی خودی خۆیان دەكەن بەباشی، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٧٠٪) واتە بڕی (٣٥) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٢٨) بەرێژەی (٥٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٨) بەرێژەی (٥٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە جەخت لەسەر ناسینی خودی خۆیان دەكەن بەباشی.

٥٢. هەر لە (خ.ب.ن) زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كە دەكاتە بڕی (٣٨) واتە بەرێژەی ( ٧٦٪) جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە ئامانجەكانیان ڕوون و ئاشكران ، لەكاتێكدا لە (خ.ج.ب) بڕی (٣٦ ) بەرێژەی ( ٧٢٪ ) ، لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) كچان بڕی ( ٢٧) بەرێژەی (٥٤٪ ) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٥) بەرێژەی ( ٥٠٪) جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە ئامانجەكانیان ڕوون و ئاشكران.

٥٣.هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٣٩) بەرێژەی (٧٦٪) لە (خ.ب.ن) پێیان وایە كە لەتوانایاندا هەیە ئامانجەكانیان بهێننە دی، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٧٠٪) واتە بڕی (٣٥) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٢٨) بەرێژەی (٥٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٧) بەرێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە پێیان وایە كە لەتوانایاندا هەیە ئامانجەكانیان بهێننە دی .

٥٤. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٣٧) بەرێژەی (٧٤٪) لە (خ.ب.ن) حەز بە

خوێندن دەكەن، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٧٠٪) واتە بڕی (٣٥) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٥٠) بەڕێژەی (٦٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٠) بەڕێژەی (٤٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە حەز بە خوێندن دەكەن.

٥٥. هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٢) بەڕێژەی (٨٤٪) لە (خ.ب.ن) كاردەكەن بۆ بەدەست هێنانی نمرەی بەرز ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٨٠٪) واتە بڕی (٤٠) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها ( ٢٩) بەڕێژەی (٥٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣٢) بەڕێژەی (٦٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كاردەكەن بۆ بەدەست هێنانی نمرەی بەرز .

٥٦.زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٢٩) بەڕێژەی (٥٨٪) لە (خ.ب.ن) تەنها دەرچونیان لامەبەستە و نمرەی بەرز گرنگ نیە لایان ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٧٢٪) واتە بڕی (٣٦) لە (خ.ب.ن) ، و تەنها ( ٣٨) بەڕێژەی (٧٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣٢) بەڕێژەی (٦٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە تەنها دەرچونیان لامەبەستە و نمرەی بەرز گرنگ نیە لایان.

٥٧.هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٣١) بەڕێژەی (٦٢٪) لە (خ.ب.ن) هەست بە بوونی نایەكسانی دەكەن لە جێبەجێكردنی پاداشت و سزا ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٧٦٪) واتە بڕی (٣٨) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٨) بەڕێژەی (٧٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣٦) بەڕێژەی (٧٢٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هەست بە بوونی نایەكسانی دەكەن لە جێبەجێكردنی پاداشت و سزا.

٥٨.زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٢) بەڕێژەی (٨٤٪) لە (خ.ب.ن) جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە كاتێك پێشبینیان بۆ ئەنجامی تاقیكردنەوەكانیان ڕاست دەردەچێت ئارەزوویان بۆ خوێندن زیاددەكات، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٨٠٪) واتە بڕی (٤٠) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٩) بەڕێژەی (٧٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣١) بەڕێژەی (٦٢٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە كاتێك پێشبینیان بۆ ئەنجامی تاقیكردنەوەكانیان ڕاست دەردەچێت ئارەزوویان بۆ خوێندن زیاددەكات.

٥٩. زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٤٣) بەڕێژەی (٨٦٪) لە (خ.ب.ن) حەزبە ئەنجامدانی كارێك دەكەن ئاستی قورسی مام ناوەند بێت، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٨٤٪) واتە بڕی (٤٢) لە (خ.ج.ن) و تەنها (٣٩) بەڕێژەی (٧٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣٦) بەڕێژەی (٧٢٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە حەزبە ئەنجامدانی كارێك دەكەن ئاستی قورسی مام ناوەند بێت.

٦٠.هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٣٨) بەڕێژەی (٧٦٪) لە (خ.ب.ن) خۆیان لە كردنی كارێكدا دەدۆزنەوە كە قورس بێت ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٦٨٪) واتە بڕی (٣٤) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٢٥) بەڕێژەی (٥٠٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣٤) بەڕێژەی (٦٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە خۆیان لە كردنی كارێكدا دەدۆزنەوە كە قورس بێت .

٦١.زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٣٨) بەڕێژەی (٧٦٪) لە (خ.ب.ن) سەركەوتن و شكستەكانیان لە خوێندندا دەگەڕێننەوە بۆ خودی خۆیان ، ئەم ڕێژەیە دەكاتە (٦٨٪) واتە بڕی (٣٤) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٧) بەڕێژەی (٥٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە سەركەوتن و شكستەكانیان لە خوێندندا دەگەڕێننەوە بۆ خودی خۆیان.

٦٢.هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كەدەكاتە بڕی (٣٩) بەڕێژەی (٧٨٪) لە (خ.ب.ن) سەركەوتن و شكستەكانیان لە خوێندندا دەگەڕێننەوە بۆ هۆكاری دەرەكی وەك مامۆستا، ئەم ڕێژەیە دەكاتە ( ٧٤٪) واتە بڕی (٣٧) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٣٤) بەڕێژەی (٦٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (

٣٩) بەڕێژەی (٧٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە سەرکەوتن و شکستەکانیان لە خوێندندا دەگەڕێننەوە بۆ هۆکاری دەرەکی وەك مامۆستا.

٦٣.زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٣٥) بەڕێژەی (٧٠٪) لە (خ.ب.ن) جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە لەکاتی ئەنجامدانی هەرکارێکدا حەز دەکەن بەتەنها بن ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٢٪) واتە بڕی ( ٣٦) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٢٨) بەڕێژەی (٥٦٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٢٥) بەڕێژەی ( ٥٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە لەکاتی ئەنجامدانی هەرکارێکدا حەز دەکەن بەتەنها بن.

٦٤.لەلایەکی تر زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤٠) بەڕێژەی (٨٠٪) لە (خ.ب.ن) حەزدەکەن لەکاتی ئەنجامدانی کاری گروپین لەگەڵ ئەو کەسانە کار بکەن کەزیرەك و سەرکەوتوون، ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٧٨٪) واتە بڕی (٣٩) لە (خ.ج.ب)، و تەنها (٣٤) بەڕێژەی (٦٨٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی (٣٥) بەڕێژەی (٧٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە حەزدەکەن لەکاتی ئەنجامدانی کاری گروپین لەگەڵ ئەو کەسانە کار بکەن کەزیرەك و سەرکەوتوون.

٦٥. هەروەها زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کەدەکاتە بڕی (٤١) بەڕێژەی (٨٢٪) لە (خ.ب.ن) حەزدەکەن لەکاتی ئەنجامدانی کاری گروپین لەگەڵ ئەو کەسانە کار بکەن کە هاوڕێن ، ئەم ڕێژەیە دەکاتە ( ٨٦٪) واتە بڕی (٤٣) لە (خ.ج.ب) ، و تەنها (٣٧) بەڕێژەی (٧٤٪) لە (ك.ص.ئ و ك.س.ك) ، لە (خ.م.ن) بڕی ( ٤٠) بەڕێژەی (٨٠٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە حەزدەکەن لەکاتی ئەنجامدانی کاری گروپین لەگەڵ ئەو کەسانە کار بکەن کە هاوڕێن.

دووهەم / دەرئەنجامی توێژینەوە:

دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە کۆمەڵێك هۆکار هەن کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار لەم ڕووەوە خوێندنگای بەریتانی نێودەوڵەتی توانیویەتی بەپلەی یەکەم بێت لە دابین کردنی بینای گونجاو کە هەموو سیفاتە ئەندازیاری و پەروەردەییەکانی بۆ خوێندکار فەراهەم کردووە بەجۆرێك کە خوێندکار خوێندنگا بە ماڵی دووهەمی دادەنێت و هەست بە حەوانەوە دەکات تیایدا ، هەروەها گرنگی بەسەلامەتی خوێندکاردراوەو تەنانەت بارودۆخی خاوەن پێداویستی تایبەت بەهەند وەرگیراوە لەم خوێندنگایەدا ، کتێبخانە و تاقیگە و ژووری وێنە کێشان وژووری مۆسیقا ، بوونی گۆڕەپان و شوێنی ئەنجامدانی چالاکیە وەرزشیەکان بەباشترین کوالیتی ئامادەکراوە ، گرنگی بە سەوزایی و پاراستنی ژینگە دەدرێت لەم خوێندنگایەدا هەتا ئاستێکی بەرز ، بونی شوێنی نان خواردنی گونجاو وئامادەکردنی خواردن بەکوالیتی بەرز یەکێکی ترە لە و بابەتانەی لەم خوێندنگایەدا بایەخی پێدراوە ،تواڵێتی گونجاو لەگەڵ ژمارەی خوێندکار ئامادە کراوە .

بەوپێیەی کە ژینگەی پۆل ئەو شوێنەیە کە خوێندکار بەشی زۆری کاتی تیا بەسەر دەبات بۆیە کاریگەریی گەورەی هەیە لە بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار دووبارە خوێندنگای بەریتانی نێو دەوڵەتی توانیویەتی پێشەنگ بێت لە دابینکردنی پۆلێکی نمونەیی بۆ خوێندکار بەجۆرێك کە حەزو خولیای بۆ خوێندن بجوڵێنێت و ئارەزوی زیاتری هەبێت بۆ فێربوون و بەرەو پێشچوون لەم ڕووەوە هەموو کەلوپەل و پێداویستی یەکانی وەك رحلەی دانیشتن بەجۆرێك هەر خوێندکارێك خاوەن شوێن و جێگەی تایبەت بەخۆی بێت ئامادەکراوە ، هەموو ئەو ئامرازانەی کەمامۆستا پێویستیەتی بۆ وانە وتنەوە لە وایت بۆرد و داتا شۆ و تەکنەلۆجیا ی پێشکەوتو و ئامرازی شیکردنەوە وەك : ( نەخشە و وێنە...هتد) دەستەبەر کراوە گرنگی دراوە بە دابین کردنی هۆکاری ساردکەرەوە و گەرم کەرەوە و ڕووناکی ...هتد ، هەر بۆیە خوێندکار هەست بە

ئارامی دەروونی دەکات لەپۆلدا بێگومان هەر کات خوێندکار هیچ گرفتێکی نەبوو لە پۆلدا ئەوکات ئامادەباشی تەواوی دەبێت بۆ خوێندن و فێربوون ووەرگرتنی زانیاری .

هەر لە خوێندنگای بەریتانی نێودەوڵەتی زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە لە پۆلەکەیاندا کەشێکی دیموکراسی بوونی هەیە و مامۆستاکان وەك هاوڕێ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و ڕێز و خۆشەویستی پێکەوە دەیان بەستێتەوە ، هەروەها پێیان وایە کە مامۆستا بەباشی بابەتەکە شی دەکاتەوە و وبە جۆرێك ڕێکی دەخات کە ئامانجی بابەت ڕوونە بۆ خوێندکار ، پێیان وایە کە مامۆستا ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر بەکاردێنێت لەکاتی وتنەوەی وانەدا هەر بۆیە ناهێڵێت خوێندکار خەیاڵی بڕوات ، لەلایەکی تر زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە مامۆستا بە جۆرێك پرسیار ئاڕاستەی خوێندکاران دەکات کە بیر و هۆشیان دەجولێنێت و لەکاتی پێدانی وەڵامی ڕاست پاداشتیان دەکات بە وتە بێت یان بەهەر شێوازێکی دیکە و ئەگەر هاتوو وەڵام هەڵ بوو مامۆستا بە تێبینیەکانی وەڵامەکەیان بۆ ڕاست دەکاتەوە و دواجار لەم خوێندنگایە مامۆستا و خێزان شانبەشانی یەك کاردەکەن لە پێناو بەرەو پێشچوونی خوێندکارئەم پەیوەندیەش لەڕێگای کۆبونەوەی دایکان و باوکان و ئەنجامدانی چالاکی و سەردانی باوان دەبێت ، ئەمەش یەکێکی ترە لە خاڵە سەرەکیەکانی بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار.

سەبارەت بە ناسینی خوێندکار بۆ خودی خۆی بەشی زۆری ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە خوێندنگای بەریتانی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەبەباشی خودی خۆیان دەناسن و ئامانجەکانیان ڕوون و ئاشکرایە لەڕاستیدا پشکی گەورە لێرەدا بەر ڕۆڵی خوێندنگا و مامۆستاکان دەکەوێت کە توانیویانە بوارێك بڕەخسێنن بۆ خوێندکار کە بتوانێت خودی خۆی بدۆزێتەوە و بیناسێت و برەوی پێبدات .

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

### یەکەم / پێشنیار :

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر دەکات لەلایەن توێژەران و ئەکادیمیان لەبواری پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار ، ئەمانەش چەند بوارێکن کە کۆکردنەوەی زانیاری تیایدا ئەم بابەتە دەوڵەمەند تر دەکات:

١.کاریگەری قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لەسەر پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار .

٢.کاریگەری پرۆگرامی خوێندن لەسەر پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار.

٣ .ڕۆڵی بەڕێوەبەرو شێوازی بەڕێوەبردنی خوێندنگا وکاریگەری لەبەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار.

٤.کاریگەری شێوازەکانی وانەوتنەوە لەسەر پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار.

٥.ڕۆڵی خێزان لەبەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندن لای خوێندکار.

٦. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری بۆ دیاری کردنی جیاوازی لە سیفات و خەسڵەتەکانی کەسێتی خوێندکارێك کە پاڵنەری خوێندنی بەرزبێت لەگەڵ خوێندکارێك کە پاڵنەری خوێندنی نزم بێت .

## دووهەم / ڕاسپاردەکان:

١. پێویستە لەسەر خێزان کە شێوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ بەجۆرێك بێت کە هانی بدات بۆ سەربەخۆیی و پشت بەخۆ بەستن و دەستپێشخەری وکەسێتیەکی باوەڕ بەخۆی تیا دروست بکات.

٢. هانی منداڵ بدرێت بۆ خوێندن و خوێندنەوە و فێربوون و بەدەستهێنانی نمرەی بەرز بەڵام بەجۆرێك نا کە باشی و خراپی پەیوەندی باوك و دایك بەمنداڵ پەیوەست بکرێت بە دەرچوون و دەرنەچوونی لە خوێندن.

٣. هانی منداڵ بدرێت بۆ دیاری کردنی خولیاکانی لە قۆناغی منداڵی و هاندانی بۆ دیاری کردنی ئامانجەکانی و پشتگیری کردنی تا هێنانەدی ئامانجەکانی.

٤. پێویستە لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا کە گرنگی زیاتر بدات بەشێوازی ئامادەکردنی ئەو خوێندکارانەی کەلە داهاتوودا دەبنە مامۆستا لەڕووی زانستی و ئەکادیمی .

٥. پێویستە ئەو کۆلێژانەی کە مامۆستا پەروەردە دەکەن گرنگی زیاتر بدەن بە خوێندنی بابەتەکانی دەروونناسی و دەروونناسی گەشە و دەروونناسی پەروەردەیی ، خوێندنی بابەتی کاری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی کاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی.

٦. سەبارەت بە وەرزارەتی پەروەردە پێویستە بەبەردەوامی خولی شیاندنی (وانە وتنەوە و ڕاهێنان وپەروەردەیی، ئاشنا بوون بە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن بەتایبەت (منداڵی و هەرزەکاری)) بۆ مامۆستاکان بکاتەوە چونکە مامۆستا پەروەردکارە پێش ئەوەی فێرکار بێت ، گرنگە کەزانیاری هەبێت لەسەر خوێندکارەکانی تاوەکو بتوانێت پەیوەندی باشتر دروست بکات لەگەڵیان.

٧. پێویستە لەسەر وەزارەتی پەروەردە بایەخ بدات بە شێوازی دروستکردنی بینای خوێندنگا بەجۆرێك کە هەموو پێداویستیەکانی خوێندکار بۆ خوێندن تیادا فەراهەم بکرێت .

٨. گرنگی دان بە دابینکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگاکاندا بە پێی پێویست و بواردانیان بە ئەنجامدانی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانیان .

٩. گرنگی دان بەسەرپەرشتیاران و شێوازی ئامادەکردنیان و ئەرك و دەسەڵاتیان و ئەنجامدانی سەردانی بەردەوام بۆ خوێندنگا ئەهلیەکان و حکومیەکان و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی وردو زانستی بۆ خوێندنگا و مامۆستاکان بەئامانجی بەرەوپێشچونیان.

١٠. بوونی پەیوەندیەکی هاریکاری لەنێوان سەرپرشتیاران و مامۆستایان بەجۆرێك هەموو لە خزمەت بەرەوپێشچوونی خوێندکار بێت.

١١. گۆڕانکاری لەشێوازی فێرکردنی خوێندکار و هێنانەکایەی ڕێگاو شێوازی تازەی سەردەمیانە ی فێربوون و دروستکردنی کەشی دیموکراسی لەناو پۆلدا و بوار دان بەخوێندکار بۆ گفتوگۆکردن و ڕێزگرتن لە بیرو بۆچونەکانی و بەهەند وەرگرتنی .

## سەرچاوەكان:

١ احمد محمد عوعوض بني احمد ، الاحتراق النفسي و المناخ التنظيمي في المدارس ، دار الحامد للنشر ، عمان ، ط١ ، ٢٠٠٧.
٢ انا تايلور وليد بيسلوسلاكن و اخرون ، مدخل الى علم النفس ، ترجمة : عيسى سمعان ، منشورات وزارة الثقافة في جمهورية العربية السورية ، دمشق ، ط٢ ، ج١ ، ١٩٩٦.
٣ تريفرز ، علم النفس التربوي ، ترجمة: موفق حمداني و حمد زكي كربولي ، مطبعة جامعة بغداد ، بغداد ، ط١ ، ١٩٧٩.
٤ جابر عبد الحميد جابر و اخرون ، مقدمة في علم النفس ، دار الهضة العربية ، القاهرة ، مصر، ط١ ، ١٩٨٥.
٥ جابر عبد الحميد جابر ،علم النفس التربوي ، دار النهضة العربية ، القاهرة ، ط٣ ، ١٩٩٤.
٦ سارنوف .ا. مدنيك و اخرون ، التعلم ، ترجمة . محمد عماد الدين اسماعيل ، دار الشروق ، القاهرة ، ط٣ ، ١٩٨٩.
٧ صالح حسن الداهرى ووهيب مجيد الكبيسي، علم النفس العام ، بدون دار النشر ، ٢٠٠١.
٨ صالح محمد علي ابو جادو، علم النفس التربوى ، دار المسيرة للنشر و التوزيع ، عمان ، ط٦، ٢٠٠٨.
٩ طلعت منصور و أخرون ،اسس علم النفس العام ، مكتبة الانجلو المصرية ،قاهرة،٢٠٠٣.
١٠ عبد الرحمن عدس ، علم النفس التربوي (نظرة معاصرة ) ، دار الفكر ، الاردن ، ط٣ ، ٢٠٠٥.
١١ عبد مجيد النشواني ، علم النفس التربوي ، دار الفرقان للنشر و التوزيع ، اربد ، جامعة اليرموك ، ط٣ ، ١٩٩٦.
١٢ عزت عبد العظيم الطويل ، معالم علم النفس المعاصر ، دار المعرفة الجامعية ، الاسكندرية ، ط٣ ، ١٩٩٩.
١٣ مروان ابو حويج و سمير ابو مغلي ، مدخل الى علم النفس التربوي، دار اليازورى ، عمان اردن، ط١ ، ٢٠٠٤.
١٤ محمد فرحان قضاة و محمد عوض الترتوري ، اساسيات علم النفس التربوي ، دار الحامد للنشر و التوزيع ، اردن عمان ، ط١ ، ٢٠٠٦.
١٥ محمد عبد الحميد منسي و اخرون ، المدخل الى علم النفس التربوي ، بدون دار النشر ، ١٩٩٨.
١٦ محي الدين التوق و اخرون ، اسس علم النفس التربوي ، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان/اردن ن ط٣، ٢٠٠٣.

## بحوث و دراسات :

١.أ.م.د. شيماء علي خميس، التفكير الآبداعي و علاقته بدافعية التعلم لدى طالبات بعض كليات جامعة بابل ، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة بابل ، كلية اداب ، قسم علم الاجتماع ، ٢٠١٤.
٢.لوناس حدة ، علاقة التحصيل الدراسي بدافعية التعلم لدى المراهق المتدرس، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة اكلي محمد اولحاج البويرة ، كلية علوم الاجتماعية و الانسانية ، قسم علم الاجتماع ، فرع علم النفس، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية ، (٢٠١٢ ٢٠١٣) .

## ملخص البحث


الهدف الرئيس لهذا البحث يكمن في: (الى مدى تلعب المدرسة دور في خلق دوافع التعليم لدى الطلبة؟)، يتحقق هذا عن طريق أهداف عرضية مثل: الى اي مدى الجانب المادي له تأثير في خلق دافع التعليم ايضا؟ هل لدافع التعليم له علاقة بشخصية الطالب؟ ما الفرق بين الطلاب الذين لديهم نسبة عالية من دافع التعليم مع الطلاب الذين لديهم نسبة منخفضة؟

يندرج هذا البحث ضمن البحوث الوصفية التحليلية، ومن اهم المناهج التي استخدمها الباحث، هو: المنهج المقارن ومنهج المسح الاجتماعي، كما واستخدم الباحث المعيار القياس لجمع المعلومات ولقياس دوافع التعليم لدى الطلبة في المدارس الاهلية بمدينة السليمانية، اختار الباحث لمجتمع بحثه ٢٠٠ وحدة نموذجية من مجموع ٦٢٣٤ طالب في المدارس الاهلية للسنة الدراسية ٢٠١٤ ٢٠١٥، والعينة تتكون من ١٢٠ طالب و ٨٠ طالبة في اربع مدارس اهلية التابعة للمديرية العامة لتربية السليمانية في جناحي الشرق والغرب.

اما افتراضات البحث فتتكون من النقاط الاتية : (ثمة علاقة مشابهة بين الجانب المادي للمدرسة ورفع دافع التعليم لدى الطلبة، كما وهناك علاقة مشابهة بين بيئة الصف و بين رفع دوافع التعليم لدى الطلبة، وعلاقة مشابهة بين اسلوب تعامل المعلم مع الطلاب و رفع دافع التعليم عند الطلاب، وعلاقة مشابهة بين الطالب نفسه و رفع دوافع التعليم لدى الطلبة) حسب متغيرات النوع.

تتلخص اهم الاستنتاجات في: ان اغلب اعضاء عينة البحث بصورة عامة، وفي المدرسة البريطانية النموذجية على نحو خاص، يتم التأكيد على تأثير الجانب المادي للمدرسة بشكل عام و بيئة الصف بشكل خاص في رفع دوافع التعليم لدى الطلبة.

ان اغلب اعضاء عينة البحث ينتمون الى المدرسة البريطانية الدولية، اذ يتطرقون الى تأثير المعلم في رفع دافع التعليم لدى الطلبة، كما يوضح البحث ان الطالب نفسه له التأثير في رفع دافع التعليم لدى الطلبة.

## The summery of the research:

The main aim of this research is (how much students have role to make study's motive for themselves?) which is be done by many minor aims like :
( economic of students,and teachers which have impact to make study's motivation,and how much they have impact on it) is study's motivation has relationship with students personality?
What is the difference between students that their motivation are higher than others?
This research is an analysis description,one of the importance methods that used are(comparison,social measurement)and the significance tools which are used to collect information is (standard,criterion)for measuring students study's
motivation from private schools at slemani city.
At society of the research which (٦٢٣٤)students from slemani private schools for the(٢٠١٤-٢٠١٥) the sociologist get(٢٠٠)examples
(١٢٠males/٨٠ females ) from four private schools at slemani city / general directory of education / both West and east.
The probability of that research is ( there are similarities relationship between. (economic of students),(class atmosphere),(teachers behaviour with students), (students themselves) and how making study's motivation more higher,according to (gender)
The importance results of this research:
Most of the research members from British private school focus on the impact of students economic in general, and class atmosphere in special to make study's motivation more high,also most of the research members which are form British private schools, focus on and discuss the impact of teachers in order to make study's motivation
more high,also it's clear that students have impact on that motivation by themselves.